Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 8-66
DOI: http://doi.org/10.31918/1811/1

ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا
# لە سەرەتاوە تا 1970

پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
qais.kakl@soran.edu.iq

بەحری لەتیف یەحیا
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی پەروەردە
Bahri.yahya@soran.edu.iq

**پوختە**

بابەتی پەتیخوازی لە باشووری کوردستاندا لە ئاستی هۆشیاری و باوەڕی نەتەوەییدا بووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوەی بارودۆخی سیاسیی کورد دەنوێنێت. ئەگەرچی بەر لەم لێکۆڵینەوەیە بە تەواوی گشت ڕەهەندەکانی زانستییانە و پەیوەست بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و لەسەر بنەمای تیۆری تەواو شی نەکرابێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە, بەدەر لە هەست و سۆزی نەتەوەیی، وەک بابەتێکی ئەکادیمی، پشتی بە بنەما ئامارییەکان بەستاوە بۆ شی کردنەوەی دیاردەکە و خستنەڕووی ڕێژەی هەڵکشان و بەرەوپێشچوونی پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا. سنووری کارکردنی لێکۆڵینەوەکە, هەوڵەکانی بزوتنەوەی پاراوکردن لە سنووری جوگرافی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەهۆی ئەوەی, کە بزوتنەوەی پەتیخوازی لەم ناوچەیەدا سەری هەڵداوە و چالاکتریش بووە لە بەشەکانی تری کوردستان.

پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناوە، بەپێی ئەو ئامارەی بەدەست هاتووە، تاکو ساڵی (1970) دەگاتە سەرووی ڕێژەی (90%)ی وشەی پەتی، گەرچی لە قۆناغەکانی بەر لە سەرهەڵدانی پەتیخوازی ڕێژەی وشەی پەتی لە خوارووی (50%)دا بووە.

**وشە کلیلیەکان:** پەتیخوازی، پەتیکردن، پاراوکردن، پاڵاوتن، پلانی زمانی و سیاسەتی زمان.

# پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا لە سەرەتاوە تا 1970

## پێشەکی

ئەم لێکـــۆڵینەوەیە بە ناونیشـــانی (پەتیخـــوازی لە زمـــانی کوردیـدا)یە، مەبەسـت لـە پـەتیخوازی ئـەو بزوتنـەوەیە, کـە بـە کاریگـەری گەشەسـەندنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم سـەری هەڵداوە، ئامانجیان بەکارهێنانی وشـەی خۆمـاڵی بـوو لـە بـری وشـەی بێگانـە. لێکۆڵینەوەکـەش وا پێویسـت دەکـات، کـە سـەرەتای ئـەم ڕەوتـە و چۆنیـەتی گەشەسـەندنی بخاتـەڕوو، تـا دەگاتـە لوتکـە, هـەر بۆیـەش ماوەکەمان (لە سەرەتاوە تا 1970) دەستنیشان کردووە.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە نموونەبژێری سەرجەم ئەو وتـار و نووسینانەی کە لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمەوە تـا سـاڵی (1970) دەگرێتـــەوە، کە بە زمـــانی کـــوردی لـــە (باشـــووری کوردستان)دا بەرهەم هاتوون.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، بریتییـە لـە پێشـەکی و دوو بـەش و ئەنجامـە گشـتییەکان. بەشـی یەکـەم، بـریتییە لـە پـەتیخوازی و تێڕوانینـی زمانـەوانی و مێژوویی، وەک بەشـی تیۆری لێکۆڵینەوەکە، کە تیایدا جەخـت کـراوەتە سـەر تیڕوانینـی جیـاواز لە ناسـاندن و چـۆنیەتی سـەرهەڵدانی پەتیخـوازی، ئەمەش بە مەبەسـتی گەیشـتن بە ڕاسـتی سـەرهەڵدانی پەتیخـوازییە لە کوردسـتاندا. لە بەشـی دووەمـدا بـەپێی گرنگتـرین ڕووداوە مێژووییـەکانی ناوچەکـە، ڕەوتـی پـەتیخوازی بەسـەر سـێ قۆنـاغی سـەرەکی دابـەش کراوە. قۆنـاغی یەکـەم، کـە ماوەکەی دەکەوێتە نێوان سـاڵانی (1918- 1939)، قۆنـاغی دووەم

سالآنی (1939- 1958) و قۆناغی سێیەم, کە قۆناغی جێگیربوونی پەتیخوازییە، دەکەوێتە نێوان (1958- 1970)، لە کۆتایی هەر قۆناغێکدا ئامار و ڕێژەی چەندێتی وشەی پەتیی و وشەی بێگانە بەکارهاتووەکان لە چەند خشتە و هێڵکارییەک خراوەتەڕوو. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە بە پشت بەستن بە داتا بەدەست هاتووەکان، کۆمەڵێک ئامانج خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: پەتیخوازی و تێڕوانینی زمانەوانی و مێژوویی

### تەوەری یەکەم// پەتیخوازی و تێڕوانینی زمانەوانی

زمانەوانی هاوچەرخ هەموو جۆرە دەستێوەردانێک لە زماندا ڕەتدەکاتەوە، هەمیشە دژی دەستکاریکردنی زمان بووە. زمانەوانی بەو ئاراستەی کە تەنها یاساکان و سیستەمی زمان بدۆزێتەوە، مافی ئەوە ناداتە خۆی کە یاسا دابهێنێت و زمان ئاراستە بکات. هەرچەندە ئەم دژایەتی کردنە، ڕەوتێکی زاڵ و باو بووە لە نێوان زمانەوانانندا، بەلآم لە لای ئەوانەی کە هەستێکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە، پەتیخوازی پەسندکراوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت، کە ئاراستەکردنی زمان هاندەری جۆرە بڕوا بە خۆبوونێک بێت بە ئامانجی کۆنترۆڵی زمانی ناوچەیی.

لە هەموو ڕوویەکەوە بنچینەی هزری بونیادگەرەکان دژی پەتیخوازی بووە، بونیادگەریی و مێژووگەریی ناتوانن بنەمایەکی تیۆری پەتیخوازی بن، لە دۆخێکی ئاوادا پەتیخوازی بە بابەتێکی دەرەوەی زمان زانراوە. ڕاگرتن و بەردەوامی پەتیخوازی پێویستی بە دەرکەوتنی تیۆرێکی پاساودەری نوێ بووە (نیگار داوری اردکانی، 1387: 6ــ7). کەواتە، تیۆرێکی گونجاو بۆ پەتیخوازی

زمانی لە ئارادا نییە. پەتیخوازی هەرگیز لە چوارچێوەی تیۆرێکی گشتگیر لەسەر پەتی و پاڵاوتن لە ئەزموونی مرۆڤدا خوێندنەوەی بۆ نەکراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا دەتوانرێت زاراوەی (پەتیخوازی) وەک زاراوەیەکی گشتی لە هەموو زمانەکاندا بەکاربهێنرێت؟ بە واتایەکی تر ئایا ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی گشتگیرە؟ بۆیە وا بە باش دەزانرێت، لە گۆشەنیگای چەمک و ناساندنەوە ڕووەو بوارەکانی دیکەی پەتیخوازی هەنگاوبنرێت.

## أ- چەمک و ناساندنی پەتیخوازی

### 1- چەمکی پەتیخوازی

پەتیخوازی چەمکێکی فراوانە, چونکە لە زۆر بوار و زانستی تردا بەرجەستە دەبێت، وەکو (مۆسیقا، کشتوکاڵ، کانزاکان،....). ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، پەتیخوازییە لە زماندا. ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا بە کۆمەڵێک شێوە بەکارهاتووە، وەکو (پەتیگەری، پەتییەتی، پەتێتی، پاراوکردن، پاکسازی، ...). زیاتریش ئەم زاراوانە بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراون. لە زمانی ئینگلیزییدا، هەردوو زاراوەی (purism, purification) بەکارهاتوون. لە زمانی فارسیشدا، هەریەکە لە (سرەگرایی، خالص سازی، سرەسازی، پالایش، ناب گرایی) دەبینرێن، بەڵام زاراوەی (سرەگرایی) لە لایەن زمانەوانانەوە زیاتر لە زاراوەکانی دیکە بەکارهێنراوە.

بۆ ئەوەی هاوتایەکی گونجاوی (purism) بەدەست بێنین، زاراوەی (پەتیخوازی)مان هەڵبژاردووە، پاشگری (گەر، گەری) زیاتر واتای پیشە دەگەیەنێت، وەکو (ئاسنگەر، زێرینگەر/ ئاسنگەری، زێرینگەری ...), بەڵام (- ێتی - خوازی) بە گونجاوتر دەزانرێن، چونکە

(ئەبســـتراکتر)ی دەکەن و تـــاڕادەیەک واتاکەیـــان بێلایەنتـــرە لە ئەوانی تر، زیاتر مەبەستەکەی هەستی بزوتنەوەیەک لە خۆدەگرێت. بەو هۆکارانەوە زاراوەی (پەتیخوازی) بە گونجاوتر دەزانین.

## 2 ـ ناساندنی پەتیخوازی

پێناسـەکردنی دیاردەیەکی وەکو پەتیخـوازی، کارێکی وا ئاسـان نییە، چـونکە ئەو دیـاردەیە لە زۆر لایەن و ڕوانـگەی جۆراوجـۆرەوە ســـەرنجی دەخـــرێتە ســـەر، هەرچەنـــدە پێناســـە گشـــتییەکانی ئەم بیــرۆکەیە نــاڕوونن، گــرنگە بــزانین، کە چ زەمینەیەکــی گشــتی بە پەتیخــوازی زمــان هەژمـاردەکـرێت، بۆیـــە هەوڵـدەدەین تێڕوانینـــی هەنـــدێک لـــە زمـــانەوانان ســـەبارەت بەم پرۆســـەیە بخەیـــنەڕوو. تێڕوانینـــی زمـــانەوان (لاری تراســـک) وردبـــوونەوەیە لە لایەنـــی کاریگەری دەرەکی و تیشـک خستنەسـەر چالاکییەکی دیاریکراو، کە تیایدا پەتیـخوازی بە ئاراستەی وشـەکان دەبات، بەبێ لە خۆگرتنی ئاستەکانی تری زمـان. و بەم شـێوەیە پێناسـەی دەکات: "پەتیخـوازی ئەو بیروڕایەیە، کە پێی وایە، وشەکان و پێکهاتەکانی تـری زمـان، کە لە بنچینەدا بێگانەن، جۆرێکن لە پیسکردنی پاکی زمـان" ( Trask, 2007: 238).

(جۆرج تۆماس)، بە پێچەوانەوەی تراسک، لە پێناسەکەیدا، خۆی وابەسـتە ناکـات بە کەرەسـتە بێگانەکـانی نێـو زمـان، بەڵکـو چەنـدین دیاردەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، وەک (دیالێکت و شێوازە دیارەکانی زمانێک)، دەڵێ: "چالاکی پەتیکردنی زمان، حەز و ئارەزووی بەشێکی (کۆمەڵەی ئاخاوتنە) بۆ پاراستنی فۆرمی زمـان، یـان ڕزگارکردنی لە کەرەسـتە بێگانەکـان، یـان ئەو کەرەسـتانەی کە بە نـاڕەوا دەبینـرێن،

بەو ئاستانەشـەوە، کە بنەچەیان بۆ دیالێکتەکانی تری کۆمەڵگاکە و شـێوازەکانی هەمـان زمـان دەگەڕێتەوە. لەوانەیە پەتیخـوازی لەسـەر هەموو ئاستەکانی زمان کاربکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جەخت دەخاتە سەر وشەی فەرهەنگی، لە سەرووی ئەمانەشەوە پەتیخوازی وەک لایەنێکـی گەشـەپێدان و پلانـی زمـانی سـتاندارد دەبینرێـت" (George Thomas, 1991: 12).

(دێیڤد کریستاڵ)یش لە پێناسـەکردنی پەتیخـوازیدا هەمان ڕێگە و پێڕەوی (تۆمـاس) دەگرێتەبەر، بەم شێوەیە لێی دەدوێت: "پەتیخوازی وەک قوتابخـانەیەکی هـزری دەناسـرێت, کە کۆمەڵێ زمـانی پێویستە بە بەردەوامـی پارێزگـاری لێ بکرێـت لە هەڕەشـەی پاڵەپەسـتۆی دەرەکـی، ئەو پاڵەپەسـتۆیەش تەنهـا دەرەکـی نـاگرێتەوە، بەڵکـو دەکرێت، بکەوێتە ژێر کاریگەری جۆراوجۆریی وەک: (دیالێکتەکان، زمـانی ڕەشـۆکی، ...)" (David Crystal,1992: 322). بەمەش جارێکی تر پەتیخوازی دەگەڕێتەوە سەر پاراستنی پاکی زمان.

(ویلیـام بـارنز) پـەتیخوازی بەریتـانی، "ئـەو زمانـە بـە پـاکتر و پارێزراوتر دەزانێت، کە زۆربەی وشـەکانی لە ڕیشـەی هەمـان زمـان دروسـتکرابێت" (نیگـار داوری اردکـانی، 1387: 15). بـارنز، تەنهـا لە ئاستی وشـەکاندا دەڕوانێتـە پـەتیخوازی، هەروەهـا پێوەری پـاکی بۆ زمان لەم پێناسەدا، نەبوونی وشـە بێگانەکـانە، بەڵام ئەم پێناسـەیەش پێوەرێکی دیاریکراو بۆ لێکدانەوەی توخمەکانی دەرەکی دەرناخات.

(ڤـان دێـر) پێیـوایە "پەتیخـوازی زیـاتر دەگەڕێتەوە سـەر لایەنـی داڕشـتنی زمـانی ئاخـاوتنی کۆمەڵگـا، کە لە توانایـدا هەیە، بڕیاربـدا، کـامە شـێوەی زمـانی بە نـاڕەوا دەستنیشـان بکرێت" ( Van Der,

11 :1999). کەواتە پەتیخـــوازیی لای (ڤـــان دێـــر) بـــریتییە لە ڕێگریکردنی مەبەستدار لەو کاریگەرییانەی سەر زمان، بەمەش ئەو هـــیچ نیشـــانە و سیمایـــەکی دیاریـــکراوی دانەهێنـــاوە بـــۆ وشـــە بیانییەکـــان و وشـــە ڕەســـەنەکان، بەڵکـــو بە ســـادەیی و تێکڕایـــی لێکدانەوەیان بە ناڕەوا دیار دەکات.

دوای ســـەرنجدان لەم پێناســـانەدا، تـــا ڕادەیەک هـــاوڕان لەســـەر چییەتیـی پەتیخـوازی، کە تیایـدا (بەشـە کـاریگەرییەکەی)، کەرەسـتە زمانییە بیانیەکانی نێو کۆمەڵگایەکی ئاخاوتن، لە ژێر بڕیار و ئامانجە دیاریکراوەکانی پەتیخوازی و ڕامالینیانە لە زماندا.

**تەوەری دووەم// تێڕوانینە جیاوازەکان لە بارەی سەرهەڵدانی پەتیخوازی**

تێڕوانینـــی جیاجیـــا ســـەبارەت بـــە ســـەرهەڵدان و پەیـــدابوونی پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا لە ئارادان، زۆربـەی ئـەو تێڕوانینانـەش باس لەو گۆڕانکاریانە دەکەن، کە بەسـەر زمـانی کوردیدا هـاتوون و پێیانوایـــە ئـــەو بـــارودۆخ و گۆڕانکاریانـــەی، کـــە لـــە ناوچەکـــەدا ڕوویانداوە، هۆکارێک بوون بۆ سەرهەڵدانی پەتیخوازی. لـە ڕاسـتیدا دیاریکردن و چۆنیەتی پەیدابوونی ئەم بزاڤە، گەلێک بیروڕای جیاواز دەربارەی گوتراوە، یاخود تێڕامانی دەستنیشانکردنی ماوەی زەمەنی لە یەکترجیا باسکراون. دەستنیشانکردنی ئەم ماوانـەش، هەریەکـەیان ئامـاژەن بـۆ ڕووداوێکـی مێژوویـی، بـەڵام هەریەکـەیان بەڵگـەن بـۆ چالاکییـــەکی پـــەتیخوازی، کـــە لـــە هـــەمان کـــاتی ئامـــاژەپێکراودا ئەنجامـدراوە، بۆیـە وا بـە پێویسـت دەزانرێت، هەنـدێک لـەو ئاماژانـە بخرێنـەڕوو، پاشـان لـە ئـەنجامی خسـتنەڕوو و بـەراوردکردنیان، لـە

هەوڵدا دەبین بۆ گەیشتن بە ئاکامێک سەبارەت بە ڕاستی سەرهەڵدانەکە.

## 1ـ گەڕانەوە بۆ سەردەمی شاعیرانی کلاسیک

یەکێک لە تیڕوانینەکانی دەستنیشانکردنی سەرهەڵدانی پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا، ئەویشیان ئاماژەیە بە هەندێک لە شاعیرانی سەردەمی کلاسیکی کوردی، توێژەری بواری زمانەوانی (ئەمیر حەسەنپوور)، مێژووی پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم، لەم بارەیەوە دەڵێ: "پەتیخوازی دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ سەدەی (17) حەڤدەم، ئەویشیان کارەکانی (ئەحمەدی خانی وعەلی تەرەماخی)یە" (Pour, Amir Hassan, 1992: 398).

هەر چەندە لە لای شاعیرانی کورد، لە دوای سەدەی حەڤدەم گەڕانەوە بۆ شیعری کوردی لە برەودا بوو، کە ئەمەش بە بەشێک لە بونیادی زمانی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، چونکە بەر لە ئەوان نووسین بەم زمانە گرنگی پێنەدراوە، ئەوان ئیتر بە هەرشێوەیەک بێت، توانیویانە زمانی نووسین بەرهەم بهێنن. سەرهەڵدانی بەرهەمی لەم شێوەیە لە سەدەیەکی وا زوودا، وەکو لایەنێکی ڕەوتی (Vernacularization)ـە، واتە: بەکارهێنانی زمانی ڕەسەنی خۆجێیی بۆ مەبەستی نوێ و بۆ نووسینی ئەدەبیات و زمانی نووسینی زانستی، بەڵام ناشێ بڕیار لەسەر ئەمە بدرێت، کە ئەمانە سەرەتا و دەستپێکی پەتیخوازی بن، چونکە زمانەکەیان پڕ بووە لە وشەی بێگانە بە تایبەتی فارسی و عەرەبی و تورکی. لە هەمان کاتیشدا بە شانازییەوە لە بەکارهێنانی چەند جۆرە زمانێک، لە

بەرهەمەکانیان دواون، ئەگەر بەم پێوەرە بێت، ناتوانرێت، لایەنێکی ئەوتۆی پەتیخوازی لە بەرهەمەکانیاندا بەدی بکرێت.

## 2ـ دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ـ 1920)

تیڕوانینێکی تری سەرهەڵدانی پەتیخوازی، ئاماژەیە بە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ئەمەش پاڵپشت بە ئەنجامدانی ئەو (پێشبڕکێ)[1]یە، کە لە لایەن (مێجەرسۆن) ڕێکخرا بوو.

(ڕەشید نەجیب) لە گۆڤاری گەلاوێژدا، کە بابەتێکی بە ناونیشانی (نووسینی کوردی)، بڵاوکردۆتەوە، کە تیادا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بە پێشەنگی پەتیخوازی دەناسێنێت، لەو بابەتەدا باسی لە پرۆسەی پاراوکردنی زمانی کوردی کردووە، دەڵێ: "کوردی ڕاستەقینە، نووسینی لە 1920ەوە دەستی پێکرد. بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ڕێک و پوختەیی بنووسێ دەستی کرد بە دەرچوون ... تەنانەت هەر لەوساوە پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە دەستی پێکردبوو. حاکمی سیاسی ئەوسا چارەکە چەرخێ بەشکو زیاتر لەمەوبەر نەبەردێکی[2] کردووە بۆ نووسینی کوردی پەتی و بۆ ئەمە پاداشتی دراوی دانا" (ڕشید نەجیب، 1947: 14). لە هەمان کاتیشدا تیشک دەخاتە سەر پاراوی زمانی کوردی لەو نووسینانەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاودەکرانەوە.

ـ (کاکەی فەللاح) لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا، ئاماژە بە هەوڵەکانی پاراوی زمانی کوردی دەکات، بەم شێوەیە لێی دەدوێت: "لە سەردەمی ڕاپەرینەکانی شێخ مەحمووددا و لە گرتنی شاری سلێمانیدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کاربەدەستە داگیرکەرەکان، بۆ مەبەستی سیاسییانەی خۆیان، تۆزقاڵە جووڵە و برەوێکیان بە

زمـانی کـوردی و ڕۆژنامەگـەری کوردیـدا، بـۆ یەکـەمجار بـەهۆی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمەوە موسابەقەی کوردی پەتی نووسـین هاتەکایـەوە" (حەمـە حەمـە ئـەمین قـادر (کاکـەی فـەلاح)، 1978: 47).

ئـەم بەڵگانـەی سـەرەوە نکۆڵیـان لـێ ناکرێـت، لـە تۆمـارکردنی هەوڵێکی گەورە لە مێژوویی پەتیخوازی زمانی کوردیدا، ئەگەر بە هەر مەرامێکی سیاسیشەوە بێت.

### 3ـ دوای شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958

بۆچوونێکی تر، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ تێڕوانینی یەکەمدا، سـەردەمێکی زۆر جیـاواز دەکەوێتـە نێوانیـان، ئەویشـیان لـە لایـەن یەکێک لە توێژەرانی بواری زمانەوانی (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ) خراوەتـەڕوو، کـە لـە (توێژینەوەیـەک)[3]دا، تیشـک دەخاتـە سـەر دەسـتپێکی (پاکسـازی و بژارکـردن)ی زمـانی کـوردی لـە وشـەی بێگانەدا، بە تایبەتی وشەی عەرەبی. ئەم هەوڵانە بە سێ قۆناغ پۆلێن دەکـات، کـە قۆنـاغی یەکـەمی ئـەم پرۆسـەیە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دوای (شۆڕشـی 14ی تـەممووزی 1958)، ئەمـەش پاڵپشـت بـە هۆکـاری داننـان بـە بـوونی کـورد و زمـانی کـوردی لـە عێراقـدا، کـە چەنـد گۆڕانکارییەک لـە پەیڕەوی خوێندنـدا ئەنجامـدران، وەکو کردنـەوەی قوتابخانـە کوردییـەکان و پەخشـی ڕادیـۆی کـوردی، هـەروەها کردنەوەی بەشێکی کوردی لە زانکۆی بەغدا و چەند بوارێکی تـری لەم شێوەیە. شایەنی باسە ئەمـەی لـە سـەرەوەدا باسکرا، بەڵگەیەکە بۆ زیاتر دەرکەوتن و چالاک بوونی پرۆسەی پاراوکردنی زمـان لـەم ماوەیـەدا بـە بـەراورد لەگـەڵ قۆناغـەکانی پـێش خۆیـدا، بـەڵام

دەستنیشانکردنی بە یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی پاراوکردنی زمان لە باشووری کوردستاندا جێگای هەڵوەستەکردنە, چونکە نکۆڵی لەوە ناکرێت، بەر لەم ماوەیەدا چەندین چالاکی و هەوڵی تاکەکەسی و دامەزراوەیی ئەنجامدراون، کە تاڕادەیەک لە هەوڵەکانیاندا بێ ئاکام نەبوون. ئەوەتا ئەگەر ئاوڕێک لە هەریەکە لە گۆڤاری گەلاوێژ (1939ـ 1949) و بڕیارەکانی (کۆمەڵەی بژاری کوردی – 1926)[4] بدەینەوە، کە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بەم شێوەیە بڕیاردراوە: "ئەبێ هەموو ئەعزایەکی ئەم کۆمەڵە خەریک بن بۆ دۆزینەوەی کەلیمەی کوردی و لابردنی کەلیمەی بێگانە و هەفتەی دووجار لە خانووی (جەمعیەتی زانستی)دا کۆببنەوە، هەر کەس چی دۆزیبێتەوە لە بەردەم هەیئەت دا بخوێنرێتەوە، لە دوای قبوڵ بدری بە سکرتێر کە داخیلی دەفتەری تایبەتی بکات" ( ژیان، :1926 : 45). ئەم بڕیارەی کۆمەڵەی زانستی لە بیستەکاندا، ئەگەرچی دیارنییە چەند بەرهەمی بووە و چیان کردووە، بەڵام لە هەوڵەکانیاندا چەندین ساڵ پێش قۆناغەکانی ئاماژە پێکراو کەوتوون. هەروەها هەوڵەکانی دیکەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆمەڵە و لایەنەکانی تر، کە لە بابەتەکانی دواتر لێیان دەدوێین، هەریەکەیان بۆ کاتی خۆی گۆڕانکارییەکی پڕ بایەخ و ئەنجامێکی باشیان لە پاراوکردنی زمانی کوردیدا هەبووە.

**ـ گەیشتن بە ئاکامێک سەبارەت بە ڕاستی سەرهەڵدانەکە**

شایەنی باسە ئەم هەوڵانەی کە لە پێشکەوتندا ئەنجامدراون، بە بەرهەمی هەوڵەکانی پێشووتر دەبینرێن، چونکە بەر لەمەش، هەوڵی تر و هەنگاوی تر لە ئارادا بوون. ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) پەنجەی بۆ پێویستی هەندێ گۆڕانکاری لە ڕوانگەی ڕێنووس و زمانی نووسینی کوردیدا ڕاکێشاوە. ئەوەتا لە ژمارە (63)دا، لە ژێر

ناونیشانی (بعض اصطلاحات کوردی)دا، نووسراوە: "ئەوروپاییە بۆ خوێندنی نوسینی زمانی شەرقیەکان زۆر مشکیلات دەکێشن. ئێمە لە بەر ئەمە کە ئەم مشکیلاتە بە قەدر ئیمکان حەل بکەین ئەمە صاڵێکە لە نووسینی کوردیدا بە موافەقەتی فەن اثناکان بەعضێ اصطلاحاتمان قبول کرد... ئەمە بێ شوبهە بۆ چاک خوێندنەوەی نووسینی کوردی فائیدەی زۆرە گەلێ اصطلاحاتی تریشمان تەصور کردووە ئەوانیش لە وەقتی خۆیدا نەشر دەکەین" (تێگەیشتنی ڕاستی، 1919: 1). کەواتە ئەم بەڵگەیەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە، کە هەوڵ و پێکۆڵی تریش لە پێناو باشترکردن و پاراوکردنی زمانی کوردیدا دراوە.

سەرەڕای ئەمانەش هەوڵ و هەنگاوی تر لە ئارادابوون بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە، کە پڕ بایەخ و گرنگ بوون. دەتواندرێت ئاماژە بدرێت بە هەندێک لەو بابەتانەی سەبارەت بەم دیاردەیە لە گۆڤاری (ژین)دا باسکراون، چونکە مەسەلەی پاراوکردنی زمان، لە لایەن زۆربەی نووسەرانی ئەو کاتدا گرنگی پێدراوە، لە وتارەکانیشدا زۆر لێدوانیان دەربارەی ئەوە بووە، کە پاراستن و چاکسازی و پێشکەوتنی زمانی کوردی دەبێت، چۆن بکرێت، لەوانەش پاراوکردن لای ئەوان بە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە زمانەوە دانراوە.

ئەو ناسیۆنالیستانەی دەوری گۆڤاری (ژین)یان دابوو، لەو باوەڕەدا بوون، کە دەبوو، ژن ڕۆڵی لە چاکسازی زماندا بگێڕایە چونکە وەک یەکێک لە سەرچاوە پڕ بایەخە سروشتییەکانی نەتەوە سەیر دەکرا. ڕۆشنبیرانی ناسیونالیست، وەک سەرچاوەی زمانێکی پاراو سەیری ژنان و کۆمەڵانی خەڵکیان دەکرد. بە هۆی ئەوەی

ژنانی گوندی بە گشتی پەیوەندی زۆر کەمیان لەگەڵ خەڵکی بێگانە (غەیرە کوردزمان) هەبوو، وابیریان دەکردەوە، ئەو کوردییەی کە ئەم ژنە گوندییانە قسەی پێدەکەن، ڕەسەن و پاراوە، نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانەکانی دیکە. (خەلیل خەیالی) لە بابەتێکی گۆڤاری (ژین) بە ناونیشانی (کوردچیە دیر2) دەنووسێت:"مێشک و بیری کۆمەڵانی خەڵک، گەنجینەی وشەکانە. قاعیدەیەک هەیە کە ئەمڕۆ بە گشتی قبووڵ کراوە، ئەویش ئەوەیە کە پاراوترین زمانی هەر نەتەوەیەک ئەو زمانەیە کە کۆمەڵانی ئاسایی خەڵک قسەی پێدەکەن، بە تایبەت ژنە بە ساڵاچووەکان" ( ژین، 1919: 14).

کەوابوو ئەو نووسەرانەی لە دەوری گۆڤاری ژین و ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیدا بوون، هەوڵیان داوە بۆ پاراوکردنی زمانەکەیان. پاراوکردنی زمانی کوردی لای ئەوان بۆ شوناسی نەتەوەیی بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، و ئەم بیرۆکەیان خستووەتە ناو زمانی نووسین. ئەمەش لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بەتایبەتی دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەری هەڵداوە.

پرۆسەی پاراوکردنی زمان سەرەتا لە لایەن نووسەرانی ناسیۆنالیستی گۆڤاری ژین هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و بەتایبەتی لەو بەشەی کوردستان، کە سەر بە تورکیا بوو، پرۆسەکە لە بار بردرا. هەروەها بە دەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی (1918)دا، وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە بەغدا، زمانی ڕۆژنامەگەریی کوردی چووە بارێکی ترەوە، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، ئەگەر سەرنج بدرێت (زۆربەی هەرە زۆری وتارەکانی تێگەیشتنی ڕاستی بە کوردییەکی ساکار

داڕێــژراون)، هــەر نووســراوێکی تێگەیشــتنی ڕاســتی وەربگــرن، دەتوانرێــت وەک نموونــە بــۆ پشتڕاســتی ئــەم شــێوە زمانــە بەکاربهێنرێت، هەروەها لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ژمارە (16)دا وتارێکی بەم زمانە ساکارە نووسیوە: "ئەمە سێ ساڵ زیاترە کـە دەوڵـەتانی ڕووی زەمـین مەشـغولی شـەڕن، یـەکتری ئـەجنن، بازاڕی مەرگ گەرمە بە تۆپ و مەترالیۆز و تفەنگ خـەریکی ئینسـان کوشتنن، تەیارە لە هەواوە بەسەر لەشکری دوشمن بۆمبەی ئەجەل ئـەبارێنێ، غەواسـەی ژێـر بـەحر پەراسـووی پاپۆڕی زرێ دار تێـک ئەشـکێنێ، ئۆتـومبێلی زرێ دار وەک فیل دمـان هـەڵ ئەکوتێتـە سـەر خەنـدەقان..." (تێگەیشـتنی ڕاسـتی، 1918: 1). بەشـێوەیەکی گشـتی زمانی نووسینی ئەم دەقەی سەرەوە کوردییەکەی سادە و ڕەوانترە، بە بەراورد لەگەڵ زمانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێش خۆیان، چونکە هەر کەسێک ئەگەر نەخوێندەواریش بێت و بۆی بخوێندرێتـەوە، بە ئاسانی تێیدەگات.

کەواتــە دەرچــوونی یەکــەم ژمــارەی ڕۆژنامــەی (تێگەیشــتنی ڕاسـتی) لـە سـاڵی (1918)دا، بـە سـەرەتای هەوڵـەکانی پاراوکردنی زمانی کوردی دادەنرێت. بەکارهێنانی ئەو زمانە ساکارەش لە بواری ڕۆژنامەگــەری کوردیــدا وەک گۆڕانکارییــەکی نــوێ، ئــەوەی لێــی هەڵدەگوێزرێتەوە بۆ پەراوێز و پەکخستنی ئەو زمانە کوردییـەی کـە لە ژێر کاریگەری زمانی تورکیدا گەشەی کردبوو. ئەمـەش پێدەچێت بەرنامـە و سیاسـەتی ئینگلیـز بـوو بێت، بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی کاریگەری بیری تورکیزمی لەسـەر تـاک و نووسـەرانی کورد، ئیدی وای کـردووە ڕۆژنامــەکانی ســەر بــە دەســەڵاتیان لــە بــەکارهێنانی

زماندا پشت لە زمانی کوردی تێکەڵ بە وشە بێگانەکان بکەن، و هەوڵی پاراوی زمانیان بدەن.

**بەشی دووەم: قۆناغەکانی پەتیخوازی لە باشووری کوردستاندا**

دیاردەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە هەر تایبەت نەبووە بە قۆناغیکی دیاریکراوی زمانی کوردییەوە، بەڵکو لە زووەوە لای شاعیرانی کلاسیک ئەم دیاردەیە هەبووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە، زیاتر پەرەی سەندوە. وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بۆ ئەم دیاردەیە، لە سەرەتاکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لەژێر کاریگەری ئەو بایەخ پێدانەی نووسەرانی کورد، لە لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو قۆناغە، بەردەوام هەوڵ بۆ پاراوکردنی زمانی کوردی دراوە. "ڕابەرانی ڕۆژنامە و نووسەران لەو باوەڕەدا بوون، بە هیچ ڕەنگێ ناکرێ ئەم میللەتە لە خەوی بێ ئاگایی وشیاربێتەوە تەنها لە ڕێی زیندوو کردنەوە و گرنگیدان بە زمانەوە نەبێت" (مەحموود زامدار، 1987: 236). هەرچەندە ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕۆڵی بەرچاوی لە گشت کایەکانی ژیان بینیووە، بەڵام بۆ بوژانەوەی زمانی کوردی بایەخێکی بنەڕەتی هەبووە.

قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا، زیاتر لە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ئەنجامدراوە، بەپێی ڕەوشی ناوچەکە و بواری بڵاوکراوەکان، پەتیخوازیش لە گۆڕاندابووە. بەم هۆکارەوە وا بە باش دەزانرێت، ئەم ڕەوتە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکرێت. کار و چالاکییەکانی پەتیخوازیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ڕووبەڕووی هەڵبەزودابەز بۆتەوە، چالاکی و

هەوڵەکانی پەتیخوازی لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەشکراوە.

## تەوەری یەکەم: قۆناغی یەکەم 1918- 1939

ئەم قۆناغە، هەنگاوی یەکەمی پەتیخوازییە لە زمانی نووسینی کوردیدا. بەهۆی ڕەوشی ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتیدا هاتووە، بواری بڵاوکراوە و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان بەرەو شێوازی تایبەت و پەیوەست بە بارودۆخەکە گۆڕاوە. هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی، کاردانەوەی لەسەر شێواز و ناوەڕۆکی بواری بڵاوکراوەکان هەبووە. بەم هۆکارەوە، ئەم قۆناغەی پەتیخوازی دەتوانرێت بەسەر سێ وەچە قۆناغ دابەش بکرێت، یەکەم وەچە قۆناغ لە ماوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا لە عێراق و کوردستاندا دەستنیشان کراوە، وەچە قۆناغی دووەم دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری سەردەمی شێخ مەحموود دەگرێتەوە، وەچە قۆناغی سێیەمیش بە کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود دەست پێدەکات، تاکو دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)ساڵی (1939)، کە هاوکاتە لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانیدا.

### ئەلف ـــ سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیز (تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن)

بە دەرچوونی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لەساڵی (1918)دا، وەکو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە عێراقدا، زمانی ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، چونکە زۆربەی وتارەکانی تێگەیشتنی ڕاستی بە زمانێکی

ساکار دارێژراون. ئەمەش دەبێت لە ئەنجامی سیاسەتی ئینگلیزەوە بێت، کە مەبەستی بووە زیاتر سۆزی هاونیشتمانیانی کورد بورووژێنێ. "شێوازی تێگەیشتنی ڕاستی وابووە هەستی کوردایەتی بورووژێنێ بەو ئاراستەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بکات" (فاروق عەلی عومەر، 2001: 77).

دوای ئەوەی حکومەتی ئینگلیز دەستی بەسەر کوردستاندا گرت، لە جیاتی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، کە لە شاری بەغدا دەری دەکرد، بە نیازی زیاتر پڕوپاگەندە بۆ سیاسەتی خۆیان و بەربەرەکانی دەسەڵاتداری (نفوز)ی تورک، ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی بڵاوکردەوە. لە دوو کەناڵەوە کەوتنە کارکردنەوە، یەکێکیان قۆستنەوەی بێ هیوای لایەنگرانی حکومەتی تورک، کە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی عوسمانی توشی هاتبوون، ئەوەیتریان بیرخستنەوەی ئەو زەبر و زەنگ و زۆڵەی، کە تورکەکان بەرامبەر گەلی کورد کردبوویان. ئەمەش لە وتار و ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوبوونەوە، ڕەنگیداوەتەوە.

نووسەرێکی ئەوکات لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا دەنووسێت: "دەبێ زۆر دڵ خۆش بین کە دەولەتی فەخیمەی بەریتانیا بە کوردستانی ئێمە، ئەم ئیمتیازەی داوینێ، نووسین و خوێندنەوە و موعامەلاتی ڕەسمیمان بە زمانی خۆمان بێ، بەڵام پێشکەوتنی ئەم زبانی ئێمەیە چەند شتێکی دەوێ، لەسەر هەموومان ویستەنیە هەولّی بۆ بدەین" (پێشکەوتن، 1920: 1). لەلایەکی ترەوە بوونی (مێجەرسۆن), کە زمانی کوردی باش زانیوە و دەبێت ویستی ئەوەی هەبووبێت، کە زمانی کوردی پێش بکەوێت و ببێتە زمانی نووسین.

مێجەرسۆن، وەک سەرپەرشتی هەردوو ڕۆژنامەکە، وای کردووە ئەو دوو ڕۆژنامەیە لە نووسیندا پەیڕەوی زمانێکی سادە و ساکار بکەن، کە دوور بێت لە وشە و زاراوەی تورکی عوسمانی. گرنگیدان بە کوردی پاراو زیاتر لەو گرەوە دەردەکەوێت، کە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئەنجامدراوە، ئەمەش بۆ باشترین و پاراوترین نووسین بووە، لە ژمارە بیست و حەوتیدا، لە (28ی کانونی یەکەمی ساڵی 1920)دا ئەم پێشبڕکێیەی ڕایگەیاندووە. خەڵات بۆ ئەو نووسیانانەی کە بە زمانێکی پەتی و دوور لە کارلێکردنی زمانی تورکی و عەرەبی و فارسین تەرخانکراوە. لە نێو یازدە بابەتدا کە گەیشتنە ڕۆژنامەکە، سێ بابەت هەڵبژێردران و نووسەرەکان خەڵات کران.

دیارە، (مێجەرسۆن) لە پەنای بیرۆکەی گرەوەکە بووە و مەبەستی پاراوکردنی نووسینی کوردی بووە لە وشەی بێگانە. "تەنانەت یەکێک لە کارە گرنگەکانی مێجەرسۆن لەسەردەمی ڕاستەوخۆیدا (حوزەیرانی 1919- 1921) لە سلێمانی ئەوە بوو هەر سکاڵا و (ئەرزو حاڵ – عریضة)یەک وەک پێشوو، بە تورکی، یاخود بە فارسی بۆ حاکمی سیاسی بنووسرایە، سۆن وەری نەدەگرت و خەڵکەکەی ناچار دەکرد بە کوردی بنووسن" (محەمەد دلێر مصری, 2004: 156). ئەم کارە کاردانەوەی باشی لە سەر نووسەر و خوێندەوارانی ئەوکات جێهێشتووە.

هەروەها زمانی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن)، تاکە زمانی نووسینی وتارەکان بووە، بە پێچەوانەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێش ئەو قۆناغە، کە نەوەک هەر کوردییەکەیان تێکەڵاوییەک بووە لەگەڵ زمانی تورکی عوسمانی،

بەڵکو بەشێکی زۆری لاپەڕەکانیان بە زمانی تورکی پڕدەکرایەوە. ڕۆژنامەکان گەلێک زاراوە و دەستەواژەی نوێیان هێناوە نێو زمانی نووسینی کوردی، ئەوەی جێگای بایەخە زیاتر لەم دوو ڕۆژنامەیەدا زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن جیاوازی ئەو تۆی لێ بەدی نەدەکرا.

## ب ـ سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود

بە نەمانی دەسەڵاتی ئینگلیز لە شاری سلێمانی و هاتنی دەسەڵاتی حکومەتی (شێخ مەحموود)، زمانی نووسینی ڕۆژنامەگەری گۆڕانێکی تری بەخۆیەوە بینی. ئەوە بوو لە ژێر کاریگەری ئاین و وەک ڕەتکردنەوەیەک بۆ سیاسەتی ئینگلیزەکان، زمانی ڕۆژنامەکانی ئەوکات، کە ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال) بوون، گۆڕانێکی بابەتیانەیان بەسەردا هات و بۆ سەر هەمان دۆخی جارانی پێش دەسەڵاتی ئینگلیزەکان گەڕانەوە. ئاماری بە دەست هاتوو کە ڕێژەی وشەی بێگانە (58%) لە خۆی گرتووە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر دەنووێنێت. ئەم ئامارە گرنگی نەدان بە زمانی کوردی لەم سەردەمەدا ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر بەراورد لە نێوان زمانی ڕۆژنامەگەریی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و سەردەمی فەرمانڕەوای شێخ مەحموود بکرێت، ئەوا ڕۆژنامەکانی سەر بە دەسەڵاتی ئینگلیز زمانی نووسینیان بە گشتی کوردییەکی ساکار و ڕەوانە، تا کرابێت وشەی تورکی عوسمانییان بەکارنەهێناوە، لە جیاتی ئەمە هەوڵیانداوە وشەی کوردی بەکاربهێنن. بە پێچەوانەوە، ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری (شێخ مەحموود)، سەرەڕایی ئەوەی زیاتر لە زمانێکیان بەکارهێناوە،

زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشە و دەربڕینی عەرەبی و تورکیی عوسمانیان پەیڕەوکردووە.

### پ ـ دوای فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود تا 1939

سەرەتای ئەم وەچە قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا، کە بە پاڵپشتی دەوڵەتی بەریتانیا دامەزرا، هەروەها جیاوازی ئەم سەردەمە لەگەڵ وەچە قۆناغەکانی دیکەی پێش خۆی، لەم وەچە قۆناغەدا زمانی کوردی هەر لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەری نەمایەوە، بەڵکو هەندێک کتێب لە بواری ڕێزمان و پرۆگرامی خوێندن و مێژوویی و ئەدەبی بڵاوکرانەوە، بەڵام ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بوونی هەبووە، بۆیە لەم وەچە قۆناغەدا، بێجگە لە بواری ڕۆژنامەگەری، تیشک خراوەتە سەر هەندێک بواری دیکەش.

### 1ـ پەتیخوازی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا

دوای ئەوەی ڕاپەرینەکانی کورد لە ناوچەکانی سلێمانی کپ بوون، ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە (18ی ئابی 1924)دا، یەکەمین ژمارەی بڵاوکرایەوە، زمانی نووسینی وتارەکانی ژیانەوە بەهەمان شێوازی سەردەمی ڕۆژنامەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە (تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن) نووسراوە. هەروەها (کەمال مەزهەر) لە پێشەکی (ژیانەوە شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) تیشک دەخاتە سەر زمانی (ژیانەوە)، دەڵێ: "بۆ ڕۆژگاری خۆی لە رووی زمانەوە (ژیانەوە) خراپ نییە، هەرچەندە وشەی عەرەبی زۆر بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نووسینی پەتی و ڕەوان بێبەش نییە، چەند وشە و زاراوەیەکی نوێی بۆ داڕشتوین" (عەبدوڵڵا

زەنگەنــە، 2000: 18). لــە ڕووی چەنــدێتی زمــانی بــەکارهێنراو، ژیانەوە بە (سێیەم) ڕۆژنامە دادەنرێت، کە تەنها زمانی کوردی تیایدا بــەکارهاتووە. ئــەوەی تێبینــی دەکرێــت، ڕۆژنامــەی (ژیانــەوە) بــە درێژایــی مــاوەی دەرچــوونی بــە شــان و بــاڵی سیاســەتی ئینگلیزیــدا هەڵــداوە، لە هەمــان کاتــدا گرنگــی بە بیرۆکــەی پــاراوکردنی زمــانی نووسینی کوردی لە وشە بێگانەکان دراوە.

دوای وەســتانی ڕۆژنامــەی ژیانــەوە، یــەکێک لــە گرنگتــرین بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووبێت، گۆڤـاری (**زاری کرمانجی**)یە، کە بە سەرپەرشتی (حوسێن حوزنی موکریانی) دەرچــووە. گۆڤــاری زاری کرمــانجی لــە دووتــوێی لاپەڕەکانیــدا زۆر وتــاری گرنگـــی لەســـەر زمـــانی کـــوردی و ڕێنووســـی کـــوردی بڵاوکردۆتــەوە و بــە مــافی سەرشــانی خــۆی زانیــوە، کــە گرنگــی بــە بواری زمانی کوردی بدات، وەک لە دروشـمەکەیدا دەردەکـەوێت، بـە ئامانجی چاکسازی زمان هاتووەتە بواری نووسینەوە، لـە پـەراوێزی هەندێک لە ژمارەکانیدا، ئەمە دەخاتەڕوو: ((خزمەتی ئیصلاحی زمـان و ئەدەبیات و تاریخی صنعەت و اجتمـاعی کوردان دەکـا)). هـەردەم لە هەوڵی بە فەرمیکردنی زمانی کوردی دابووە، ئەمـەش لەو وتـار و بانگەواز و ئاگادارییانەدا دەردەکەوێت، کە لە بارەی زمانی کوردی و ئــەو ئاســتەنگانەی بــەردەم بــەکارهێنانی وەک زمــانێکی فــەرمی، یــان وەک زمـــانی خوێنـــدن لـــە قوتابخانەکانـــدا لە ئـــارادابوون، (زاری کرمــانجی) بێــدەنگ نــەبووە, بەتــایبەتی لــە بــارەی خوێنــدنی زمــانی عەرەبی لە قوتابخانەکانی دەوروبەری شاری هەولێر و شـاردنەوەی ئــەو کتێبانــەی، کــە وەزارەتــی مــەعاریف نــاردبوونی و دابــەش کردنی کتێبی عەرەبی لە شوێنی ئـەو کتێبانـەدا. ئـەو کێشـانەی ورژاندووە و

سەردانی قوتابخانەکانی کردووە، تاکو لە نزیکەوە ڕاستی بابەتەکە بزانیّ. یەکێک لەم سەردانانە بۆ شارۆچکەی (شەقڵاوە) ئەنجامی داوە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "جێگایەکی وەک شەقڵاوە کە بۆخۆم چوومە مەکتەبەکەی وە چاوەم پیّ کەوت حەرفێکی کوردی نەکەوتە بەرچاوم، مدیری ناحیەی شەقڵاوە بۆچی دەبیّ لەوە چاو بنوقێنێت ئەگەر کوردیی؟... " (زاری کرمانجی، 1930: 4). لێرەدا بەدەر دەکەوێت، کەوا بەکارهێنانی زمانی دایک لای ئەوان پڕ بایەخ بووە، بە ئەرکی خۆیان زانیوە، کە لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیان ئەم بابەتە بوروژێنن. لەگەڵ ئەمەشدا زاری کرمانجی، لەم قۆناغەدا خۆی لە بەکارهێنانی زمانی بێگانە پاراستووە، هەتا بۆی کرابێت بابەتی بە زمانی بێگانە بڵاونەکردۆتەوە، هەرچەندە لە هەندێک نووسینەکانیدا وشەی عەرەبی دەبینرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نووسین و وتارەکانی زاری کرمانجی ڕەنگدانەی شێوازی عوسمانی لەسەر نەماوە، بەڵکو زیاتر بە لای بەکارهێنانی شێوەزارە ناوچەییەکانی زمانی کوردی ڕۆیشتووە. بۆ ئەم مەبەستەش لەیەکێک لە ژمارەکانیدا، نووسیویەتی: "مادام قەسدی ئێمە ئەو تەوحید و ئیسلاحی لیسانە وا مناسبمان زانی کە سەحیفەیەک بۆ کەلیماتی کوردی تەخسیس کەین، کە ببێتە سەبەب بۆ تێک گەهیشتنی هەموو لایەک، لە خوێندەوارانی موحتەرەمی خۆمان ڕەچاو دەکەین لەم خسوسە فیکری خۆیان بنوویسن بۆمان بنێرن" ( گ. زاری کرمانجی، 1345: 15). لایەنێکی گرنگی دیکەی گۆڤاری زاری کرمانجی لە بارەی زمانەوە، ئەم لایەنەی سیمای پەتیخوازی، یان پاراوکردنی زمانی کوردی بەدەردەخات، ئەمەش بەکارهێنانی وشە و زاراوە کوردییەکان لە شوێنی وشە بێگانەکان، بەتایبەتی وشە عەرەبییەکان،

لە زۆربەی شوێن و لاپەڕەکانی ئەم دیاردەیە ئەنجامدراوە. هەندێک لەم شێوانە لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە(1)

وشەی نوێباو لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا

| وشەی نوێباو | لەبریتی | | وشەی نوێباو | لەبریتی |
|---|---|---|---|---|
| خەبات | سەعی | | کۆڤار | مجلة |
| سەرگۆت | مقالة | | ریز | سلک |
| کۆمەلە | اجتماعی | | ڕەگەز | جنس |
| توخم | نوع | | چیڕەدرێژی | نطق |
| بڵاو | نشر | | زمان | لغه |
| بزوتن | حرکة | | باوەڕ | ئیمان |
| زانین | علم | | پاڵاوتن | ترشیح |
| مێژوو | تاریخ | | کار | صنعه |
| وێنەتی | تمثیل | | پەروەردە | تربیة |
| نوویسەر | کاتب | | چاپخانە | مطبوعات |
| پیت | حرف | | جاڕ | اعلان |
| بانگیاری/هورگە | نادی | | زوبانگەر | فصاحة |

ئـەم وشـانەی لـەم خشـتەدا ئاماژەیـان پێکـراوە، هەریەکـەیان، هاوواتا عەربیەکەیان لەنێو دووکەوانە لە تەنیشتەوە نووسراوە. جگە لــەم وشــانەی ســەرەوە، کــە بــەکارهاتوون، زاری کرمــانجی چەنــد وشەیەکی تری بەکارهێناوە، ئەگەر بۆ جاری یەکەمیش نەبن، ئەوا پێشـتر بـەکارهێنانیان زۆر دەگمـەن بـووە، وەک وشـەکانی: سـەرواز (کەدواتر بوو بە سـەرباز)، مێژوو، گۆڤار (کۆوار)، ژێر (منەوەر)[5] ، ڕۆمـان، بەندیخانـە، قوتابخانـە، پێشـمەرگە، ڕۆژنامـە (لـە زۆربـەی بڵاوکراوەکـانی ئـەو سـەردەم و دواتـریش وشـەی (غەزتـە) بـۆی بەکارهاتووە،...).

هاوکــات لەگــەڵ دەرچــوونی گۆڤــاری (زاری کرمــانجی) لــەو ســەردەمەوە، ڕۆژنامــەی (ژیــان) بڵاوکراوەتــەوە، کــە بــۆ ماوەیــەکی درێــژ بــەردەوام بــووە، دوایــن ژمــارەی کــە (553) بــووە لــە (1938/3/10) دەرچـووە، ئەمـەش هاوکاتـە لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی کۆتـایی قۆنـاغی یەکـەمی پەتیخوازی. لەوکاتـەوە، ڕۆشـنبیرانی کـورد بەتایبـەتی لـە عێراقدا بایـەخێکی یـەکجار زۆریـان بـە زمـانی کـوردی داوە، گرنگی زمانی کوردی بۆ بوون و مانـەوەی نەتـەوەی کـورد بـە بایەخــەوە ســەیر کراوە، لــەم بارەیــەوە ژیــان پێشــەنگ بــووە، دەیــان وتاری بڵاوکردۆتەوە.

لـە ژیانـدا بایـەخێکی زۆر بـە پـاراوکردنی وشـە و خزمـەتکردنی زمــانی کــوردی دراوە، ژمــارە دوایــی ژمــارەی، وشــە و زاراوەی کــوردی پــەتی بــۆ یەکــەمجار تیایــدا هێنراوەتــە بــواری نووســین و زیندووکراوەتەوە، ئەم لایەنـە وەکـو مـۆرکێکی تایبـەت بـە ڕۆژنامـەی ژیــان دیــارە. هەروەهــا لــە ڕووی زاراوەســازی و وشــەی کــوردیی پەتییەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بڵاوکراوەکانی پێش خۆی هەیـە،

ئـەم هەوڵانـە لـە دۆزینـەوە و بـەکارهێنانی زۆربـەی وشـە کوردییـە پەتییەکان، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کارامـەیی (پیرەمێرد)ی شـاعیر. لـە تەواوی ڕۆژنامەکە چەندین وشەی پەتیی و نوێباو بەرچاو دەکەون، کـە تـاکو ئێسـتاش بـەکارهێنانیان مـاوە، هەندێک لەمانـەش: ئافرانـدن: (داهێنـان)، بوارپێـدان: (دەرفـەت، مــەجال)، بەشـدار: (هاوبــەش ـــ مشارک)، پەخشـان: (نثـر)، پەڕاگەنـدە: (دابڕدابـڕ)، مناڵخانـە: (روضـة)، نوویسار: (کاتب)، وەرگێڕان[6] (ترجمة)،... .

## 2ـ پەتیخوازی لە بواری کتێبە بڵاوکراوەکاندا

کتێبی ڕێزمانی (مختصـر صـرف و نحـوی کـوری)، کـە لـە سـاڵی (1928)دا، لە لایەن (سـەعید سدقی کابان)ەوە نووسراوە، بۆ ئـەوەی بـە هەنـدێ لایـەنی کتێبەکـە و شـێوە و چەندییـەتی وشـە و زاراوەی بێگانە ئاشنابین، وا بە باش دەزانرێت، پارچەیـەک لـە نووسـینی ئـەم کتێبەکــە بخرێتــەڕوو، وەک لــە ژێــر ناونیشــانی (فعــل مســاعد) نووسراوە: "فعلێکە دەبێتە واستە بۆ تەشکیل و صرف کردنی زۆر لە فعـلان کـە دەبنـە ئـەفعالی مورەکـەب، وەک (کـردن، بـوون). فعـل لـەم دوو مەصدرە دەبنە سەبەب و واستە بۆ دروست کردنی گـەلێ فعلـی خصوصی" (سـەعید سدقی کابـان، 1928: 48). هـەروەها لـە لاپـەڕە (50)ی هەمان کتێبدا بە ناونیشـانی (أخطـار)، نووسـراوە: "بعضـێ لـە مەصـدەرانی کـوردی یـەک لفظـی دەبـرێن بـە (تـەنها) وەک: (هـاتن، خستن..الخ) بەعضێکیان بە واستەی چەند لفظی کـە پێشـیان دەخـرێ، ناو دەبرێن (تێ گـەڵ) وەکو: (پێک هێنـان، لـێ خسـتن... الـخ)". ئەگـەر سـەرنج لـەم وشـە و زاراوە بەکارهێنراوانـە بـدرێت، ئـەوەی ڕوونـە زمـانی کتێبەکـەی (سـەعید سـدقی)، پڕییـەتی لـە وشـە و زاراوەی عـەرەبی، ئـەو زاراوانـەی کـە لـە (قواعـد)ی عـەرەبی بوونیـان هەیـە،

هــەمان زاراوەن، کــە لــەم کتێبــەدا دەبینــرێن، هــیچ هــەوڵێکی بــە کوردیکردن نەداوە، وەک زاراوەکانی (فعل مساعد، فعل عام، صـرف، مصدر، لفظی، ...)، ئەمانە لە زمانی عـەرەبی چۆن بـەکارهاتوون، لای نووسەریش بە هەمان شێوە پەیڕەوکراوە.

ڕێزمـانی (دەسـتووری زمـانی کـوردیی)، کـە لـە سـاڵی (1929) لەلایەن (تۆفیق وەهبی)وە نووسراوە، ئەم ڕێزمانـە لـە هـەمان مـاوەی بەرهەمەکەی (سەعید صدقی)دا، یان دوای یەک ساڵ بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لـەم ڕێزمـانەدا هەوڵدراوە، تـا بکرێت، زاراوە ڕێزمانییـەکان بـە کـوردی بنووسـرێت، پێدەچێ (توفیـق وەهبـی) خـۆی ئـەم زاراوانەی داتاشــی بــن، بــۆ ئەوەی شــوێنی زاراوەکــانی (قواعیــدی عــەرەبی) بگرێتەوە، ئەگەرچی نەکراوە بۆ گشت زاراوەیەک، وشـەیەکی کوردی لە بەرامبەردا بدۆزێتەوە. هەر لە سەرەتای کتێبەکەدا، لە بری وشـەی (مقدیمــە)ی زمــانی عــەرەبی وشــەی (پێشــکەوت) دەنووســێت، یــان زاراوەی (گەردانکردن) دادەهێنێت. هەروەها بۆ چەندین زاراوەی تـر هەوڵی بە کوردیکردنی داوە، هەندێک لەم زاراوانە لە خشتەی ژمـارە (2) دەستنیشان کراوەن:

خشتەی ژمارە (2)

زاراوەکانی دەستووری زمانی کوردی(1929)

| زاروەی نویٚ | لە بریتی زاراوە |
|---|---|
| حەرفی دەنگی | حرفي صوتي |
| حەرەکەی ڕووت | حرکەی بسیط |
| جوملەی فەرمان | جملة أمر |
| باس لیٚکراو | مبتدأ |
| باس | خبر |
| پارچەکانی قسە | أقسام الكلام |
| ناو | اسم |
| بۆناو | ضمير |
| تەواوکردن | اضافه |
| یەکخەر (لیٚکدەر) | عطف |

کەواتە، لە (دەستووری زمانی کوریی)دا، ئەگەرچی نەتوانراوە بە تەواوی دەست بەرداری زاراوە ڕیٚزمانییەکانی عەرەبی بیٚت، بەڵام بە بەراورد، لەگەڵ ڕیٚزمانی (مختصر صرف و نحوی کوردی)، کە ماوەی نیٚوان بڵاوکردنەوەیان زۆر کەمە، هەنگاویٚکی گەورەی بڕیوە،

توانیوویەتی بۆ یەکەمجار هەندێک زاراوەی تایبەت بە بواری ڕێزمانی کوردی دابهێنێت.


**ـ داتاو ئامارەکانی قۆناغی یەکەم:**

خشتەی ژمارە (3)
ئامارێکی بەراوردکارانەی قۆناغی یەکەم (1918 – 1939)

| **قۆناغەکان** | | **گۆڕانکارییەکانی بەکارهێنانی وشەی پەتیەکان لە قۆناغی بەرایدا** | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەچە قۆناغەکان | | ژ. دەق | سەرجەم وشەکان | وشەی بێگانە | وشەی پەتی | بەکارهێنانی وشە پەتییەکان |
| **قۆناغی بەرایی 1918 - 1939** | سەردەمی ئینگلیز | 37 | 298 | 87 | 211 | %71 |
| | سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود | 109 | 156 | 90 | 66 | %42 |
| | | 46 | 223 | 122 | 101 | %45 |
| | دوای فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی شێخ مەحموود تا 1939 | 28 | 162 | 66 | 96 | %59 |
| | | 93 | 152 | 21 | 131 | %86 |
| | | 163 | 218 | 20 | 200 | %91 |
| | بواری کتێبەکان | 152 | 122 | 41 | 81 | %66 |

هێڵکاری ژماره (1)

ئاستی بەکارهێنانی وشەی پەتی لە قۆناغی یەکەمدا




لە چوارچێوەی ئەم خشتەیەدا ئەوەی لێی هەڵدەگوێزرێتەوە، زمانی ڕۆژنامەگەری بە گشتی و هەوڵەکانی پاراوکردنی زمانی کوردی بەتایبەتی لە قۆناغی بەراییدا جێگیر نەبووە، بەڵکو بە گوێرەی کات و شوێنی دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، یان باری ڕامیاری ئەو قۆناغەی کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تیادا دەرچووە، گۆڕاوە، وەک ئەو گۆڕانکارییەی کە لە نێوان زمانی ڕۆژنامەگەریی سەردەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیز و دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردستانی باشووردا ڕوویداوە.

## تەوەری دووەم: قۆناغی دووەم 1939 -1958

ئەو قۆناغە، کە سەرەتاکەی لە ساڵی (1939) دەست پێ دەکات، هاوکاتە لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی و درێژ دەبێتەوە بۆ دوا دوایەکانی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا، کە دەکاتە ساڵی (1958). لە سەروبەندی ئەم شەڕەدا، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز پێویستییان بە هۆیەکی ڕاگەیاندن بوو، بەتایبەت بۆ کوردی عێراق،

ئەمەش بە ئامانجی نیشاندانی سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانان لەو شەڕەدا و سەرنجی خەڵک ڕاکێشان بە لای خۆیاندا. ئەم بایەخدانە بە زمانی کوردی وای کرد، کە زمانی نووسین ئاوێتە بێت لەگەڵ زمانی خەڵک. بە واتایەکی تر، ئەگەر زمانی نووسین لە سەردەم و قۆناغەکانی دیکە، زیاتر زمانی چینێکی دەستەبژێری کۆمەڵگاکە بووبێت، ئەوا لەم قۆناغەدا وا پێویست دەکات شۆڕبێتەوە بۆ نێو گشت کۆمەڵانی کورد زمان. هەر ئەم لایەنەش بوو بە سیمایەکی جیاکرەوەی ئەم قۆناغە لە قۆناغی پێش خۆی، کە قۆناغی یەکەم بوو، چونکە لە قۆناغی یەکەمدا بەو شێوە بڵاوە کار بۆ تیکەڵاوبوونی زمانی چینی ڕۆشنبیر و زمانی ئاسایی نەدەکرا. لەم قۆناغەدا پاراوکردنی زمان تەنها لە بواری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەوەستاوە، بەڵکو پەتیخوازی سەربارى ڕۆژنامەگەری، لە چەندین بواری تردا ئەنجامدراوە.

### ئەلف ـ پەتیخوازی لە پەخشی ڕادیۆی کوردیدا

پەخش بە زمانی کوردی، لە ژێر فشار و مەرج و باری شەڕی دووەمی جیهانیدا دامەزرێندرا، کاتێک هەردوو لایەنی شەڕەکە بە گژ یەکدا دەچوون بە شەڕی ڕاگەیاندن و هێرش کردنە سەریەک لە هەوادا (بە ڕێگای ئێزگەی ڕادیۆکانیانەوە). هەر وەکو سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی، میللەتی کورد لە شەڕی دووەمەیشدا، گرنگییەکی سیاسی و ستراتیژیان پێدرا. هاوڵاتیانی کورد، بە هەستێکی یەکجار گەرموگوڕەوە پێشوازیان لە بڕیارەکەی (هاوپەیمانان) کرد، بە هۆکاری کردنەوەی پەخشی ڕادیۆیی بە کوردی، ئەمەش لەبەر ئەوەی، کە خزمەتێکی زۆر گەورەی پێشکەش بە زمانی کوردی کرد (Amir Hassan Pour, 1992: 298). ئەم هەست دەربڕینە بە

شێوەیەکی ڕوون دیارە، لە وەڵامدانەوە و پێزانین لە سێ گۆڤاری کوردی ئەوکات، کە گۆڤاری (گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە و نیشتیمان) بوون. بە تایبەتی بە بۆنەی کردنەوەی بەرنامەیەکی کوردی لە ئێزگەی (بەریتانیا) لە سەردەمی جەنگدا بە ناوی (ئێزگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک ـ محطة الشرق الادنی للاذاعة العربیة)، کە لە (یافا ـ فەلەستین) بوو. گۆڤاری گەلاوێژ بۆ ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە لاپەڕەیەکی تەرخانکردووە، ئەمەش پارچەیەک لە دەقی ڕاگەیاندنەکە:

"کورد، بەبێ ئەوەی لامژی بکات بەو مرازەی گەیشت کە دەنگی کورد و زمانی و ناوی کورد لە هەموو گێتیدا بڵاوببێتەوە. ئەمەش کێ کردی؟ دیارە غەیری دەوڵەتە گەورەکەی (بەریتانیا) نەبێ، بە هۆی خزمایەتیەوە چاوی لە کورد بێ، کەسێکی تر ئەوەی بۆ نەکردووە و نایکا، هات لە (یافا) ئێزگەیەکی بێ تەل (واتە لاسلکی)ی عالەمی بۆ دانا و سەربەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی هەموو چەشنە دەنگ و باسێک و..... گەلاوێژ، بە ناوی هەموو کوردەوە سوپاسی ئەکا و داوای پایەبەرزی بۆ ئەو دەوڵەتە گەورەیە ئەکا" (گەلاوێژ، 1943: 43). لە هەمان ساڵدا، ڕادیۆی بەغدا لە (19ی تشرینی دووەمی ساڵی 1939) دەستی بە پەخشی کورتەیەکی هەواڵەکان کرد بە زمانی کوردی، ئەمەش بۆ ماوەی (15) خولەک بووە. ئەوکات پاراوکردنی زمان لە میدیای چاپکراودا، لەو پەڕی هەژاندا بوو، ئەو دوو ئێزگەیە، ئەو زمانە کوردییەی کە لە پەخشی بەرنامەکانی بەکاردەهێنا، زاری (کرمانجی ناوەڕاست)[8] بوو. ئیتر میدیایی دەنگی هاوشانی ڕاگەیاندنە نووسراوەکان، کەوتە بواری گرنگیدان بە فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەمەش بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ڕوانگەی زاراوەی پەخشی

ڕادیۆیی لە زمانی کوردیدا هەبووە، ئەگەرچی بەر لەم ماوەیەش ڕۆژنامەگەری بەشێکی ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردبوو. زاراوە و دەستەواژەی نوێی پەیوەندار بە بواری ڕادیۆ بەکارهێنران، زیاتریش ئەم لایەنە لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات بەرچاو دەکەوێت، وەک ئەو گۆڤارانەی خوارەوە:

ـ لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا: (ئێزگە ـ ئێستگە= محطة)، (پەخش= بث)، (بێ تەل= لاسلکی، ( wireless)ی ئینگلیزی)، (دەنگوباس= اخبار).

ــ لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا: ئێستگە، بێ تەل، ڕادیۆ، ڕەخت (جیهاز)، شەپۆل (موجة).

ــ لە گۆڤاری (نیشتیمان)دا: (شەپۆل = مؤجة)، (بروسکە)، (بەرنامە)، (گوێگر= مستمع) .

**ب ـ پەتیخوازی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا**

لەم قۆناغەدا، کە باس لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری دەکرێت، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاوبێت، کە دیارترین بڵاوکراوەکانی ئەو قۆناغە، هەردوو گۆڤاری گەلاوێژ (1939 - 1949) و گۆڤاری دەنگی گێتی تازە (1943- 1946) دەگرێتەوە. نووسەرانی ئەوکات هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە، لەو هەڵە بۆیان هاتۆتە پێش، سوود وەربگرن و هەرچی زیاترە گرنگی بە زمانی کوردی بدەن، بۆیە بایەخی زۆریان بەوە دەدا، کە بەرهەمەکانیان بە کوردییەکی پاراو بنووسن.

گۆڤاری گەلاوێژ لە یەکەم ژمارەدا لە لاپەڕەی (سەروتار)ەوە ئامانجی بڵاوکردنەوەی دەستنیشان کراوە و نووسیویەتی: "گەلاوێژ

گۆڤارێکی ئەدەبی ثقافیە، یەکەمین نیازی بژارکردنی زمانی کوردی و ژیاندنەوە و ژیاندنی ئەدەبیاتی کوردی یە" (گ. گەلاوێژ، س1، ژ(1)،1939: 2). هەروەها لە ژمارە (3)ی ساڵی یەکەمەوە، لە بابەتێکدا چۆنییەتی پاراوکردنی زمان بۆ نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژ دەخاتەڕوو. داوایان لێ دەکات، کە بە شێوەیەکی ڕەوان و پەتیی وتارەکانیان بنووسن. ئەم بابەتەش بە ناونیشانی (نوسینی ڕەوان و بێ قورتم لێ ی ئەوێت)، داواکان لەم وتارەدا بەم شێوەیە بوون:

1 ـ دەست بکە بە بژاری زمانی کوردی لەو کەلیمە بێگانانەی لە کوردیدا هەن، چونکە کەلیمەی وا لە کوردیدا هەیە، وەکو لەباتی ئەوەی بڵێیت (جەمال، عشق، حرارة...)، بڵێ و بنوسە (جوانی، و دڵداری و گەرمی ـ یا گەرمای...)و هەزارانی تر.

2 ـ لە دائیرەیەکی بچوکا ئەو تەعبیر و جوملانە بکرێ بە کوردی، کە ئەتوانرێ ڕێک بخرێن و لەوانەنین کە هەر کەسە بۆ خۆی ناوێکی بۆ دانێ یا بە جۆری تەرجومەی کات.

3 ـ هەمیشە هەوڵ بدرێ، کە لە تەرجومە و نووسینا تەعبیری کوردی پەتی بەکاربهێنرێ و جوملە و تەعبیر تەرجومەنەکرێن، بەڵکو لە جێی ئەوان تەعبیر و جوملەی داڕێژراوی ئامادەی کوردی بەکاربهێنرێ.... (گ. گەلاوێژ، س1، ژ(3)، ل8)

سەرەڕای ئەم شێوەی کە لە سەرەوەدا ئاماژە پێکراوە، گۆڤاری گەلاوێژ لە ناوەڕاستی ساڵی سێیەمی کارکردنییەوە، لەگەڵ زۆربەی ژمارەکانیدا (فەرهەنگی گەلاوێژ)ی پەیڕەوکرد، کە تیادا کۆمەڵێک وشەی پەتی لەگەڵ هاوواتاکەی بە زمانی عەرەبی ڕوون دەکرایەوە،

وشە پەتییەکەش بە هەردوو شێوە ئەلفوبێی نووسراوە، بە واتای ئەلفوبێیی عەرەبی و لاتینی. لە یەکەم تاقیکردنەوەی ئەم فەرهەنگەدا، (پێشەکی)یەکی بۆ نووسراوە، بەم شێوەیە:

فەرهەنگی گەلاوێژ

(لەمەولا گەلاوێژ هەموو جارێ وشەی کوردیی و پەتیی بڵاو ئەکاتەوە لە ژێر ناوی (فەرهەنگی گەلاوێژدا). ئەم وشانە جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ کۆی کردوونەتەوە. مەبەستمان لە بڵاوکردنەوەی ئەم وشانە لە پێش هەموو شتێکا هێزدانە بە نووسنی کوردی پەتی، لە پاش ئەوەش یەک گردنەوەی وشەکانە. ئینجا لە خوێندەواران تکا ئەکەین، ئەگەر وشەی تریان لایە بەرامبەر بەو وشە عەرەبیانە کە بڵاویان ئەکینەوە، بیان نێرن بۆ گەلاوێژ.) (گەلاوێژ،1942: 14). ئیتر بەم شێوەیە (فەرهەنگی گەلاوێژ) لە زۆربەی ژمارەکاندا بڵاودەکرایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا گۆڤاری گەلاوێژ خەڵاتی لە شێوەی پێشبڕکی بۆ ئەو نووسەرانەی کەوا وشەی پەتییان بۆ دەنێرن، دەیبەخشی. ئەمەش لە بانگەواز و تکاکانی گەلاوێژ بڵاو دەکرایەوە، کە لە سەر بنەمای دیاریکردنی یەکەم پیتی دەستپێکی وشەکە ئەنجامدراوە, وەک: "بۆ زانین ــ لە حەرفی (ب)دا سەرکەوتوو ــ زێوەر لە سلێمانی کە (61) وشەی پەتی ناردوە، بۆ ئەم مانگە ئەو وشانەمان ئەوێت کە بە (پ) و(ج) دەست پێ ئەکەن دیاری سەرکەوتووی کۆمەڵەی گەلاوێژی ساڵی (1 و 2)ە بە جزوبەند کراوی. ناونیشان هەروەکو پێشوە" (گەلاوێژ، 1945: 4). ئەم (بۆ زانین)ە، ناوە بە ناوە لە یەکێک لە ژمارەکان ئاماژە بە نۆرەی پیتی دەسپێکی وشە پەتییە داواکراوەکان دەکرا.

گۆڤـاری دەنگـی گێتـی تـازە، پەیوەنـدی گشـتیی باڵوێزخانـەی بـەریتانیا لـە بەغدا، ژمـارە (1)ی ئـەم گۆڤـارەی لـە سـاڵی (1943)دا بڵاوکـردەوە، وەک لـە سـەردێڕی ژمارەکـانی نووسـراوە (کۆوارێکی مانگانەیــە، لەلایــەن بەشــی پەیوەنـدیی گشـتیەوە، لـە بالیۆزخانــەی بەریتانی دا لە بەغدا، دەرئەهینرێ). وتارەکانی گۆڤاری دەنگی گێتـی تـازە، بـە شـێوەیەکی گشـتی بـاس لـە ڕووداوەکـانی شـەڕی دووەمـی جیهـانی دەکـەن، لـە پـاڵ ئەمەشـدا چەنـدین لایـەنی ئـەدەبی و ژیـانی کۆمەڵایەتی بە ناوەرۆکی بابەتـەکانی دەوروژێنێت، ئـەم وتارانـە زۆر بە پوختی و بە زمانێکی کوردی پاراو نووسراون.

یەکێک لە سیماکانی ئـەم گۆڤـارە، ئاماژەکردنـە بـە وشـەی پـەتی، ئەمـەش بـە دوو شـێوە خراوەتـەڕوو، هەنـدێکیان لـە نـاو نووسـینی وتارەکەدا لە تەنیشت وشە نوێباوەکە لە نێو کەوانەکـەدا هاوواتاکـەی بــە عــەرەبی، یــان بــە شــێوەزارێکی کــوردی نووســراوە، یــان لــە پـەراوێزی وتارەکانـدا خراونەتـەڕوو. وەک: (هاوپرسـەکی: مؤتەمـەر، جەرگە: نادی، سوڕێنەری گشتی: مدیر عام، داوێن: حاشية، کارنامـە: مشروع، ...).

بە هۆکاری بوونی شەڕ، ئەم گۆڤـارە، کۆمـەڵێک زاراوەی بـواری ســـەربازی بـــە زمـــانی کـــوردی دانـــاوە، نموونـــەی ئـــەم زاراوە سەربازیانەش لە نووسینەکانی (تۆفیق وەهبی)دا دەبینرێن، هەندێک لەم زاراوە سەربازییانە لە خشتەی ژمارە (5)دا خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (4)

زاراوە سەربازییەکان لە دەنگی گێتی تازەدا

| وشەی نوێباو | لەبریتی |
|---|---|
| نیرو | قوة |
| کەشتی گەڵ | اسطول |
| ترکزە | خطر |
| پیششانی | جبهة |
| لەشکر | جیش |
| سپایی | عسکری |
| چەکی هەوای | السلاح الجوی |
| فرۆکە | طائرة |
| فرۆکە خانە | مطار |

| وشەی نوێباو | لەبریتی |
|---|---|
| لە خۆبوورەوەکان | الفدائین |
| نوخشەجاڕ | رسەد |
| تاوە هەوایی | غارات |
| تانک (ئینگلیزی) | دبابە |
| تفاقی جەنگی | تجهیزات حربیة |
| چەترباز | مظلی |
| زرێدار | مدرع |
| پۆلە فرۆکە | سرب الطائرات |
| فرۆکەشکێنەکان | افلاق الجوی |

سیمایەکی تری ئەم گوڤارە، هاوشانی گۆڤاری گەلاوێژ، کە جیاوازیان دەکاتەوە لە هەوڵەکانی پەتیخوازی بەر لەم ماوەیەدا، ئەمەشیان گرنگیدانە بە وشەی نوێباو لە شێوەی دارشتن و لێکدان، ئیتر لەم قۆناغەدا بواری پێکهێنانی زاراوە و وشە لەسەر بنەمایەکی ڕێزمانی بوو بە باو، ئەم لایەنە بەشێوەیەکی زۆر بەدی دەکرێت، نموونەی لەم شێوەیە، ئەمانەن: (نووسەر، کرێکار, گرتوو, نوێنەر، سورڕێنەر، فەرمانبەر،... ).

ـ داتا و ئامارە گشتییەکانی قۆناغی دووەم:


خشتەی ژمارە (5)

ئاماری گشتی قۆناغی دووەم (1939 – 1958)

| **بەکارهێنانی وشەی پەتی و بێگانەکان لە قۆناغی دووەمدا** | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ. (دەق) | سەرجەم وشەکان | وشە بێگانەکان | ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە | وشە پەتییەکان | ڕێژەی وشەی پەتی |
| 61 | 151 | 16 | %11 | 135 | %89 |
| 112 | 162 | 8 | %5 | 154 | %95 |
| 174 | 106 | 6 | %6 | 100 | %94 |
| 17 | 127 | 9 | %7 | 118 | %93 |
| 182 | 132 | 3 | %2 | 129 | %98 |
| **تێکڕایی** | 678 | 42 | %6 | 636 | %94 |

هێڵکاری ژمارە (2)

ئاستی بەکارهێنانی وشەی پەتی لە قۆناغی دووەمدا




## قۆناغی سێیەم: قۆناغی جێگیربوونی پەتیخوازی 1958- 1970

دوای کودەتا سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و ڕووخانی حوکمی پاشایەتی عێراق, لە(14ی تەمووزی 1958)دا، کوردیی باشووری کوردستان, هەڵێکی تری بۆ ڕەخسا، ئەمەش بە هۆکاری ئەو دەستوورە نوێیە بووە، کە بۆ یەکەمجار تیایدا باس لە هاوبەشییەتی کورد و عەرەب لە عێراقدا کرابوو. هەروەها دانان بە بوونی کورد و زمانی کوردی و کردنەوەی بەشێکی کوردی لە زانکۆی بەغدا و دامەزراندنی قوتابخانە کوردییەکان. ئیتر ئەرکێکی زیاتر کەوتە سەرشانی نووسەر و ڕۆشنبیران، ئەمەش بە دانانی زاراوەی زیاتر بۆ بواری خوێندن و پاراوکردنی کتێبی قوتابخانەکان لە وشە و زاراوەی عەرەبی. لەم ماوە کورتەدا گڕوتینێک بە بەر زمانی کوردیدا هات. ئەمەش تەنها پەیوەست نەبوو بە بوارێکی تایبەتی، بەڵکو زۆربەی بوارەکانی لەخۆگرتبوو، وەک بواری ڕاگەیاندن، پەروەردە، لەچاپدانی کتێبی زیاتر لەو سەردەمدا، بۆیە دەتوانرێت بایەخی پەتیخوازی لە چەند کایەک دەستنیشان بکرێت، بەم شێوەیە:

**ئەلف ـ پەتیخوازی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا**

گرنگتــرین بڵاوکراوەکــانی ئــەو ســەردەمە، بریتــی بــوون، لــە گۆڤارەکانی (هیوا، هەتاو، ڕۆژی نوێ، شـەفەق، پێشکەوتن) و لەگـەڵ کۆمەڵێک ڕۆژنامەی سیاسـی دەردەچـوون، لەوانـە: (خـەبات، ئـازادی، ڕای گەڵ، هیوای کوردستان،...). ئەم قۆناغـە، کـاتێکی کـورتی خایانـد، چونکە ئەوەندەی نەبرد سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە کورد گۆڕا، بواری ئازادی بەر تەسک کرایەوە ( هیمدادی حوسێن، 2010: 38)، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی زمــانی ڕۆژنامەگــەری لــە هەوڵــەکانی پــاراوکردن بــەردەوامی هــەبوو، بــۆ ئاشــنابوون بــە زمــانی ئــەوکاتی ڕۆژنامەگـەری، تیشـک دەخەینەسـەر هەنـدێک لە بڵاوکراوەکـانی ئـەو کات.

گۆڤـــاری هیـــوا (1957ــــ 1963)، یەکێکـــە لـــە دیـــارترین بڵاوکراوەکـانی ئـەم قۆناغـە، کـە لـە گەشـەپێدانی بـواری هونـەری و ئەدەبییەکان ڕۆڵی دیار و بەرچاوی بینیووە، هاوشانی ئەم بوارانەش ڕۆڵێکی مەزنی لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی گێڕاوە، چونکە هەر لـە یەکـەم ژمـارەدا، پـاراوکردنی زمـانی کـوردی لـە وشـەی بێگانـە و دانــانی زاراوەی شــیاو و دۆزینــەوە و خســتنەڕووی ڕێنووســێکی یــەکگرتوو بــۆ نووســینی کــوردی لــە ئەســتۆی خــۆی گرتــووە و پەیوەنـدی بـە شـارەزایانی بـواری زمـانی کـوردی کـردووە، داوای لـە خوێنەران کردووە، کە بەشداری لە چاکسازی زمان بکـەن لـە دانـانی زاراوە و پـاراوکردنی زمـانی کـوردی لـە وشـە و زاراوەی بێگانـەدا. گۆڤارەکە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ خوێنەرانی بە نـاوی (پرسـیار)[9] یـان (چیت نـەزانی پرسـیار بکـە) کردبـووەوە، کـە تیـادا هـەرجارەو چەنـد وشــە و زاراوەیــەکی عــەرەبی بڵاودەکرایــەوە و داوا لــە خوێنــەران

دەکرا، کە ئەو وشانە بکەن بە کوردی. بە مەبەستی هاندانی خوێنەران بۆ ئەم کارە، گۆڤاری (هیوا) دیاری بۆ سەرکەوتووەکان تەرخان کردبوو، هەندێک لە وشە و زاراوانەی کە لەم گۆشەیدا بڵاوکراونەوە بەم شێوەیە بوون: (طاقة = وزە = توانا، استغلال = قۆرخ، رواج = برەو، قاعدة = بنکە، مناقشە = پیلە، نظرة = نیگا).

گۆڤاری ڕۆژی نوێ: یەکێکە لە بڵاوکراوە پڕ بایەخەکانی ئەو قۆناغە، کە لە گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی و پرۆسەی پاراوکردنی زمان ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە، ڕۆژی نوێ بووە، کە بە وردی تاوتوێی هەندێ بابەتی زمانی کوردی کردووە. بە گرنگییەوە لە بواری زاراوەسازی ڕوانیوە. لیستی زاراوە و وشەی نوێ و دانانی چەند لیژنەیەکی جیاجیای زانستی لە چەندین ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە. زۆربەی ئەو وشە و زاراوانە جێی خۆیان لە قۆناغەکانی خوێندنی کوردیدا گرتووە، ئەمەش لە ڕێگای (فەرهەنگی ڕۆژی نوێ) ئەنجامدراوە، کە لە زۆربەی ژمارەکانیدا ئەم فەرهەنگۆکەی بڵاوکردۆتەوە، لەم فەرهەنگۆکەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی نوێی داناوە.

ب ـ **پەتیخوازی لە بواری پەروەردەدا**

لە قۆناغی سێیەمدا، پاراوکردنی زمان بە تەنها لە بوارێکی دیاریکراوەوە نەوەستا، بەڵکو لە بوارەکانی پەروەردە و پرۆگرامی خوێندن چووە بواری جێگیربوون، بەڵام پێش ئەم قۆناغە هەر لە سەرەتای دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە، بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لەبەر چاوگیراوە، چونکە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیتر زمانی عەرەبی

بوو بە زمانی دەوڵەت و سەربازی و پەروەردە. بەر لەمە لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی، ئاستی ڕۆشنبیری بۆ هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دەوەستایە سەر زانینی زمانی تورکی, کە ئەوکات زمانی حکومەت و پەروەردە بووە. بەڵام کاتێک زمانی عەرەبی جێگای تورکی گرتەوە. چالاکییە زانستییەکان و دەست پێڕاگەیشتنی لایەنی ڕۆشنبیری بۆ کوردان لە عێراقدا ئەستەم تر بوو، دەبوایە فێری زمانێکی بێگانە بن، کە ئەویشیان عەرەبی بوو، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستەکانی حکومەت بدەن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە عەرەب زمانن ( Jamal Jalal Abdulla,1980: 211). بەم هۆکارەوە، (عصبة الامم) لە ساڵی (1925)دا بڕیاریدا، زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان‌دا ببێت بە زمانی خوێندن و کارگێڕی. ئەم بڕیارە حکومەتی عێراقی ناچار کرد، کە هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە بنێت. ڕوناکبیری ئەو سەردەمە (ساطع الحصری)، کە مودیری مەعارفی ئەو کاتە بوو، دەڵێ: "کە حکومەتی عێراقی بڕیاریدا زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە شار و گوندە کوردییەکاندا، لەسەر وەزارەتی مەعاریف بوو ئەو شتانە جێبەجێ بکات، کە بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە بکرایە، باشترین ڕێگەش بۆ ئەوە، ئەوەبوو کتێبە مەنهەجییەکانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان تەرجەمەی کوردی بکرێت. بۆیە وەزارەت لیژنەیەکی پێک هێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاری وەرگێران بکەن" (هیمدادی حوسێن، 2010: 47).

**پاراوکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا**

لەم قۆناغەدا هەوڵەکان بۆ چاکسازی لە پەیڕەوی خوێندن جێبەجێ کراوە و بە ڕێژەیەکی بەرچاو زاراوەکانی پاراوکراون، وەک

لـه خشـتـەی ژمـارە (6)دا هەنـدێک لـەو زاراوانـەی، کـە بـوون بـە جێگرەوەی زاراوە عەرەبیەکان دەخەینەڕوو.

## خشتەی ژمارە (6)

## زاراوەکانی بواری پەروەردە

| زاراوەی عەرەبی | زاراوەکان بە کوردی |
|---|---|
| قەلەم | پێنووس |
| کتێب، کتاب | پەرتووک |
| سبورە | تەختەڕەش |
| مسترە | ڕاستە |
| خريطە | نەخشە |
| معلم | مامۆستا |
| فراش | بەردەست |
| حرس | پاسەوان |
| مدير | بەڕێوەبەر |
| مدرسة | قوتابخانە(خوێندنگا) |
| ابتدائی | سەرتایی |
| ثانوية | دواناوەندی |
| معهد | پەیمانگا |
| كشافە | دیدەوانی |
| لجنة | لیژنە |
| علمی | زانستی |
| درجة | نمرە |

**پ ـ بەراوردێک لە نێوان پرۆگرامەکاندا بەپێی سەردەمەکان**

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، سەرەڕای پەیڕەوکردنی زمانی عەرەبی لە گشت بوارەکان، بەڵام هەندێک پرۆگرامی خوێندن دانرابوون، بەناو بۆ ئەوانەی کە زمانی ڕەسەنیان کوردییە، یەکێک لەم کتێبانە (**درسی ئەشیا**) بووە، ئەمەش لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوو بۆ زمانی کوردی، وەک نوسراوە: ((بە زۆری لە تألیفی ساطع الحصری وەرگیراوە، تەرجەمە و ریکخستنی لەسەر پروغرامی مەکتەبەکانی عراقی لە لایەن عەبدالله عزیزە)). ئەم پرۆگرامە لەساڵی (1928)ی زاینی لە چاپدراوە و تایبەت بووە بە قۆناغی چوارەمی سەرەتایی، وەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە، ((لەسەر ئەمری وەزارەتی مەعاریف بۆ صنفی چوارەمی مەکتەبەکانی ئیبتیدائی عێراقی لە چاپدراوە)).

شایەنی باسە زمانی نووسینی ئەم کتێبانەی خوێندنی کوردی ئەوکات، لە ئاستێکدا بوو، کە پڕبووە لە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی، بەڵام دەکرێت، بۆ ئەوکات بە ئاسایی بزانرێت، چونکە هەم بە سەرەتای دانانی لە چاپدانی پرۆگرامەکان بە زمانی کوردی دادەنرێت، هەمیش زمانی کوردی لە ئاستی نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانی تریش بەدەر نەبووە لەم شێوە زمانە. بەکارهێنانی زمانی بێگانە بە ڕێژەیەکی بەرز نیشاندراوە، سەرجەم وشەی بێگانەی بەکارهاتوو لەم دەقەدا، لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە. ئەمەش پارچەیەکە لە نووسینی کتێبەکە: ((بە دقەت تەماشاکردن و چاک فیکرکردنەوە غایەی هەرە گەورەی تربیەی فکرییە. فێرکردنی منالەکانیش بەم صفتە وەظیفەی مربیەکانە...)).

کەواتە، زمانی بەکارهاتوو، زمانێکی تێکەڵە و نەتوانراوە دوور بێت لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی، بەڵام زمانی کتێبی خوێندن هاوشانی زمانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناغەکانی دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، قۆناغ دوای قۆناغ سیمای پاراویی بە دیار کەوتووە، ئەگەر سەرنج لە کتێبێکی تری خوێندن بدرێت، کە ((خوێندنەوەی کوردی ــ بۆ پۆلی دووەمی ئیبتیدائی)یە، لە ساڵی (1958)ی زاینی لە چاپدراوە. ئەم کتێبەش وەرگێڕدراوە لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی، وەک لە بەرگی کتێبەکەدا نووسراوە: ((دانەری، دکتۆر مەتی عقراوی و محمد ناصر، رەشید نەجیب کردوویە بە کوردی)). ئەم کتێبە بە بەراورد لەگەڵ پرۆگرامەکانی پێش خۆی، زمانی بەکارهاتووی بە ڕێژەیەکی بەرچاو پاراوکراوە. تەنانەت لە هەندێک وانەکانی نێو کتێبەکە هەوڵدراوە، تەنها یەک وشەی بێگانە بەکارنەهێنرێت، ئەمەش پارچەیەکە لە نووسینی ئەم کتێبە: (هەبوو، نەبوو. کابرایەک بوو، ڕانە مەڕێکی گەورەی هەبوو. هەموو ڕۆژێ ئەم ڕانەی ئەبرد بۆ دەشت بۆ لەوەڕ. ڕۆژێ لە ڕۆژان شوانەکە ڕانەکەی برد و ڕۆیشت لەگەڵ مەڕەکانىدا...). زمانی نووسینی ئەم کتێبە، سادە و ساکارە و لە ئاستی زمانی منداڵانی کورد نووسراوە، لە چوارچێوەی ئاماری بەدەست هاتوو لە نووسینی ئەم کتێبەدا، پاراوکردنی زمانی پرۆگرامەکان بەم ئاستە و ڕێژەیە جێگای بایەخە، چونکە لە ماوەی نزیکەی (30)سی ساڵدا، لە ساڵی (1928)وە بۆ (1958)، توانراوە ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی بێگانە لە (46%) کەم بکرێتەوە بۆ ڕێژەی (3%)، بۆیە دەکرێت، بگوترێت، هەوڵەکانی پاراوکردنی زمانی کوردی لە بواری

پرۆگرامـەکانی خوێنـدنی قوتابخانـەکان سـەرکەوتنێکی بـەرچاوی بەدەست هێناوە.

ــ داتا و ئامارەگشتییەکانی قۆناغی سێیەم:


خشتەی ژمارە(7)

ئاماری قۆناغی جێگیربوون (1958– 1970)

| ئاستی بەکارهێنانی وشەی پەتیی و بێگانەکان لە قۆناغی جێگیربوون | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ژ.پاشکۆ (دەق)** | جۆری بڵاوکراوە | سەرجەم وشەکان | وشە بێگانەکان | ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە | وشە پەتییەکان | ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی پەتی |
| **58** | گۆڤار | 108 | 2 | %2 | 106 | %98 |
| **1١8** | گۆڤار | 104 | 2 | %2 | 102 | %98 |
| **25** | کتێب | 126 | 18 | %14 | 108 | %86 |
| **57** | کتێب | 111 | 1 | %1 | 110 | %99 |
| **12** | پرۆگرام | 103 | 3 | %3 | 100 | %97 |

هێڵکاری ژمارە (3)

ئاستی بەکارهێنانی وشەی پەتی لە قۆناغی جێگیربووندا



**تەوەری چوارەم// تایبەتمەندی و جیاوازی هەرسێ قوناغ**

ئەلــف ـــ تایبەتمەنــدی و جیــاوازی قۆنــاغی یەکەم لەگــەڵ قۆناغەکانی دوای خۆیدا

ئەگەر بەراورد لە نێوان زمانی ڕۆژنامەگەریی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودا بکرێت، ئەوا ڕۆژنامەکانی سەر بە دەسەڵاتی ئینگلیز زمانی نووسینیان بە گشتی کوردییەکی ساکار و ڕەوانە، تا کرابێت وشەی تورکی عوسمانییان بەکارنەهێناوە، لە جیاتی ئەمە هەوڵیانداوە وشەی کوردی بەکاربهێنن. بە پێچەوانەوە، ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری (شێخ مەحموود)، سەرەڕایی ئەوەی زیاتر لە زمانێکیان بەکارهێناوە، زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشە و دەربڕینی عەرەبی و تورکیی عوسمانیان پەیڕەوکردووە. ئەمەش زیاتر بۆ نووسەرەکانی ئەم ڕۆژنامانە دەگەڕێتەوە، کە خاوەن باگراوەندێکی ڕۆشنبیری عوسمانی بوون، هەروەها بۆ ئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە، کە تورکەکان لە ڕێگەی ئایینەوە لەسەر کەسایەتی (شێخ مەحموود) و دەسەڵاتەکەی هەیان بوو.

بەم جۆرە زمانی نووسین لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لەم دوو سەردەمە و دوو دەسەڵاتە جیاوازەدا لە گۆڕاندابووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زمانی نووسینی ئەم قۆناغانە ڕێگەیان والاکردووە بۆ دانانی بەردی بناغەی زمانێکی پاراو، کە لە قۆناغەکانی دواتر، لەسەر دەستی نووسەر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر گەشەی کردووە و بە ڕێژەیەکی بەرزی وشەی پاراو گەیشتووە.

ب ـــ تایبەتمەندی و جیاوازی قۆناغی دووەم لەگەڵ قۆناغی یەکەمدا

1ــ ململانێ لە نێوان وشەكان: لەم قۆناغەدا بەپێی ویستی نووسەران و جیاوازی تێڕوانینیان بۆ زاراوەكان، هەندێک لە نووسەران وشەیەكیان بۆ زاراوەیەكی نوێ داهێناوە، لە هەمان كاتیشدا لە لای هەندێک نووسەری ترەوە، بە جۆرێكی ترو بۆ هەمان مەبەست وشەیەكی تر پەیڕەو كراوە، وەک:

لە بری زاراوەی (نادی): هۆرگە، جەرگە، بانگیاری، یانە.

لە بری زاراوەی (كتاب): پەڕاو، پەرتووک، كتێب.

لە بری زاراوەی (شاعیر): بوێژ، هۆنەر، هەڵبەستوان، هەڵبەستیار، هەستیار.

2ـ لەم قۆناغەدا، چەندین وشە و زاراوە لە ڕێگای پێكهاتەیەكی ڕێزمانی بوون بە هۆكاری دروستبوونی وشەیەكی نوێ و پاراو، لە قۆناغی یەكەمدا بۆ پاراوكردنی زمانی كوردی زیاتر پەنایان بۆ وشەی ڕەسەنی كوردی بردووە، ئەوا لەم قۆناغەدا شێوەی داڕشتنی وشە لە چاوگەوە، بووە بە یەكێک لە پڕ بایەخترین ڕێگای گەیشتن بە زاراوەی پاراوی كوردی، وەک: خوێنەر، داهێنەر، بیسەر، نووسەر... .

3ـ ئاوێتەبوونی زمانی نووسین لەگەڵ زمانی خەڵكی بە یەكێک لە دیارترین سیماكانی قۆناغی دووەم دەبینرێت، بە واتایەكی تر، ئەگەر زمانی نووسین لە سەردەم و قۆناغەكانی دیكە، زیاتر زمانی چینێكی دەستەبژێری كۆمەڵگا بێت، ئەوا لەم قۆناغەدا وا پێویست دەكات شۆڕبێتەوە بۆ نێو گشت كۆمەڵانی كوردزمان، ئەمەش زیاتر بە هۆی بەكارهێنانی دەزگای ڕادیۆ و پەخش بە زمانی كوردی

بووه، چونكه پەخشی ڕادیۆ دەچێتە نێو ماڵان. یاخود لە ڕێگای بەردانەوەی نووسراو بە (فڕۆکە) بۆ نێو هاووڵاتییاندا.

پ ـ تایبەتمەندی و جیاوازی قۆناغی سێیەم لەگەڵ قۆناغەکانی یەکەم و دووەمدا

1ـ ئەم قۆناغەدا بە بەراورد، لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی لە پرۆسەی پاراوکردن و ڕامالّینی وشە و زاراوەی عەرەبی لە زمانی نووسینی کوردییدا، سەرکەوتنی زیاتری بەدەست هێناوە، چونکە لەم ماوەیەدا، پاراوکردن هەر تایبەت نەبوو بە بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو کاریگەری بەسەر گشت بوارەکانی نووسینەوە هەبووە.

2ـ ئەوەی تێبینی دەکرێت، پەتیخوازانی زمانی کوردی بە مەبەستی پاراوکردنی زمان، پەنایان بۆ گشت ڕێگایەک بردووە، ئەمەش بە مەبەستی شوێنگرتنەوەی گشت وشە و زاراوە عەرەبییەکان، تا بتوانن بە هۆی ئەم ڕێگا جۆراوجۆرانە وشەیەک بەدەست بێنن.

3ـ لایان گرنگ نەبووە، ئەگەر هەر وشەیەکی زمانێکی بێگانەی تر بەکاربهێنن. ئەمەش پێدەچێ وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بووبێت بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، وەک زمانی خوێندن و وانەوتنەوە لە قوتابخانەکان.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

- پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناوە، بەپێی ئەو ئامارەی بەدەست هاتووە، تاکو ساڵی (1970) دەگاتە سەرووی ڕێژەی (90%)ی وشەی پەتی، گەرچی لە قۆناغەکانی بەر لە سەرهەڵدانی پەتیخوازی ڕێژەی وشەی پەتی لە خوارووی (50%) بووە.

- لە ئەنجامدا گەیشتن بەو ڕاستییەی، کە سەرهەڵدانی پەتیخوازی، بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی (1918) دەست پێدەکات.

- ئاوێتەبوونی زمانی خەڵکی لەگەڵ زمانی نووسین، بە یەکێک لە دیارترین سیماکانی قۆناغی دووەم دادەنرێت، ئەگەر زمانی نووسین لە سەردەم و قۆناغەکانی دیکە، زیاتر زمانی نوخبە بێت، ئەوا لەم قۆناغەدا وا پێویست دەکات شۆڕببێتەوە بۆ نێو کۆمەڵانی کورد زمان.

- قۆناغی دووەمی پەتیخوازی سیمایەکی تایبەتی هەبوو، کە جیای دەکاتەوە لە هەوڵەکانی پەتیخوازی بەر لەم ماوەیەدا، ئەمەشیان گرنگیدانە بە وشەی نوێباو لە شێوەی داڕشتن و لێکدان، ئیتر لەم قۆناغەدا بواری پێکهێنانی زاراوە و وشە لەسەر بنەمایەکی ڕێزمانی بووە بە باو.

- پەتیخوازی لە قۆناغی سێیەم (جێگیربوون)دا, بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی لە پرۆسەی پاراوکردن سەرکەوتنی

زیاتری بەدەست هێناوە، لەم ماوەیەدا، پاراوکردن هەر تایبەت نەبوو بە بوارێکی ئەدەبی، بەڵکو بواری زانستەکانی تریشی گرتۆتەوە.

- هەوڵەکانی پاراوکردنی زمانی کوردی لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

**پەراوێز**

1ـ حاکمی سیاسی ئەوسا، (مێجەرسۆن). کە لە پێشکەوتندا و لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا پێشبڕکێیەکی بۆ نووسەرانی کورد ساز کرد بە مەبەستی نووسین بە کوردی پەتی و سێ پاداشتی بۆ سێ نووسین تەرخان کرد. ئەوەبوو لە ئەنجامدا (شێخ نوری شێخ ساڵح) بە بابەتی (جووت و گا شتێکی چاکە) پاداشتی یەکەمی پێبەخشرا، کە (50) ڕوپیە بوو. مستەفا سائیب (زەکی سائیب) بە پەخشانی (بۆچرووک) پاداشتی دووەمی پێ بەخشرا، کە (35) ڕوپیە بوو. جەمیل سائیب بە پەخشانی (ڕۆژەوە بوونێک) پاداشتی سێیەمی وەرگرت، کە (25) ڕوپیە بووە. بڕوانە: پێشکەوتن، ژ: 30 ساڵی یەکەم، 1920ز ، لاپەڕەکانی (2، 3 و 4).

2ـ نەبەردی: پێشبڕکێ(مسابقە)، گرەو.

3ـ ئەم توێژینەوەیە، پێشکەشی دووەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی زانستی کراوە، لە کۆلیژی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد لە زانکۆی بەغدا، کە لە 12-13/ 3 / 2014 ئەنجامدراوە،کە تیایدا هەوڵەکانی بژارکردنی نووسینی کوردی لە وشەی عەرەبی، دانانی وشەی پەتی کوردی لە شوێن وشە عەرەبیەکاندا، لە سێ قۆناغدا پۆلین و جیادەکاتەوە:

أ ـــ دوای شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 و دامەزراندنی قوتابخانە کوردییەکان و دانان بە زمانی کوردی، ..... .

ب ـ قۆناغی دووەم لە بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 دەست پێ دەکا، کە داننرا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان.

ت ـ قۆناغی ڕاپەڕینی 1991، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، 2015: 412).

4ـ کۆمەڵەی بژاری کوردی: ئەم کۆمەڵەیە، لە پێناو پێکهێنانی زمانێکی کوردی پاک بۆ بڵاوکردنەوی نووسین و خوێندن بە شێوازێکی پەتی، هەروەها بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لەو وشانەی کە لە زمانە بێگانەکانەوە وەرگیراون، بۆ ئەم مەبەستە، لەلایەن (کۆمەڵەی زانستیی کوردان) لە کانوونی یەکەمی ساڵی (1926)دا پێکهێنراوە. ڕۆژنامەی (ژیان)یش بەم شێوەیە باس لە پێکهاتنی ئەم کۆمەڵەیە دەکات."مودەتێ لەمەوپێش بە موتالەعە و تەکلیفی رەئیسی جەمعیەتی زانستی، کە جەنابی موتەسەریفە، جەمعیەت قەراری دابو کە لەمنەوەران و هونەرمەندانی وەتەن، ئەنجومەنێ تەشەکول بکا کە کەلیماتی ئەجنەبی لە زمانی کوردیدا نەهێڵن و موقابیل ئەو کەلیماتی ئەجنەبیە کە ئەمڕۆ زۆر موستەعمەلە، لە ئەسلی کوردی کەلیمات بدۆزنەوە و لە جێی ئەوان دایبنێن. یەعنی بە کوردی (کۆمەڵەی بژار) ئەو دانیشمەندانە کە سزای ئەم کارە گەورەیە بون لەتەرەف جەمعیەتەوە هەڵبژێرران و .... " (ژیان، 1926: 45).


5ــ ژیر: زاری کرمانجی وشەی (ژیر)ی لە شێوەزاری هەورامانی گواستۆتەوە، کە لە بری وشەی (منەوەر) بەکاریهێناوە، دوای خوێندنەوە و وردبوونەوە، گەیشتین بەو ڕایەی، کەوا بۆ یەکەمجار زاری کرمانجی ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، لە ژمارە (5)ی ساڵی یەکەمی 17ی رەبیعی دووەمی 1545 هیجری (1926) زاینی، لە لاپەڕە (5)دا.

6ـ وەرگێڕان(ترجمة): ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە، ئەمەش لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (326) ساڵی حەفتەم، کە باس لە زمانی کوردی پەتی دەکات، دەڵێ: "کە بیستم چاکی زبانتان گرتووە ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەوەی لە دەستم دێت نووسینی هەندێ مەقالەی ئەدەبیە بە کوردی پەتی، یا وەرگێڕانی مقالانەی رۆزنامەکانی غەربەوە بۆ کوردی..." (ژیان، 1932: 2).

7ـ بۆ ئەوەی شێوە و چەندێتی وشەی بێگانە لە نێو بڵاوکراوەکانی قۆناغی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بەدەرخرێت، وەک نموونەبژێری لە نێو ئەم بڵاوکراوانە، شرۆڤەیەکی ئاماری بەسەر دەقێکدا جێبەجێ دەکەین، کە دەقی ژمارە (16)، کە لە گۆڤاری (بانگی کورد)دا، لە (8 ی شوباتی 1914)، بە ناونیشانی (قسەی خۆبەخۆیی). کە لە لایەن (جەمال بابان)ەوە نووسراوە، کە دوایین بڵاوکراوەی ئەم قۆناغەیە. سەرجەم وشەکانی: (161) وشەیە، بەم شێوەی خوارەوە:

ڕێژەی وشە پەتییەکانی دەقی ژمارە(16)

| جۆری وشە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| وشەی پەتی | 75 | %47 |
| وشەی وەرگیراو | 86 | %53 |
| کۆی وشەکان | 161 | %100 |




بەپێی ئەو ڕێژەیە، کە لە ئاماری سەرەوە خراوەتەڕوو، زمانی نووسینی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لە سەرەتاوە، واتە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)ەوە تا کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، کوردییەکی تێکەڵ بە وشەی زمانە بێگانەکان بەتایبەتی وشەی عەرەبی بووە.

8ـ بۆ وەرگرتنی ئەم زانیارییە، بە پشت بەستن بەو لیستەی کە لە پەرتووکەکی (ئەمیری حەسەن پوور) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، کە ناوی هەندێک لە ئیزگەی ڕادیۆکان هاتووە، لە سالآنی (1939ـ 1946)، کە بەرنامەیان بە زمانی کوردی پەخشکردووە و شێوەی دیالێکتەکانی نیشانداوە (Amir Hassan Pour, 1992: 300).

9ـ ئەمەش نموونەیەکە لە شێوازی پرسیارەکان: ئەم وشانە بکە بە کوردی: (سندویج، قلم، مربا، قناة، انتاج). لەگەڵ وەڵامەکەتدا پولێکی دە فلسی کارنەکراو بنێرە و لە گۆشەیەکی زەرفەکەوە بنووسە (پرسیار). تا 9/5/ 1958 وەڵام وەرئەگیرێت. سەرکەوتووی یەکەم قەلەم پاندانێک وە سەرکەوتووی دووەم ژمارەی داهاتووی هیوای پێشکەش ئەکرێت (هیوا، 1958: 13).

## سەرچاوەکان

- ئەورەحمانی حاجی مارف (1977), وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغداد.

- تۆفیق وەهبی (1943)، دەستوری زمانی کوردی، گۆڤاری. دەنگی گێتی تازە، ژمارە (2)، بەرگی یەکەم.

- حەمە ئەمین قادر(کاکەی فەلاح) (1978), کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- ڕەشید نجیب (1947)، نووسینی کوردی، ـ گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵی هەشتەم، ژ. 12، کانونی یەکەم.

- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- عەبدوڵڵا زەنگەنە (2000)، ژیانەوە شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی (1924 ــ 1926)، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- فاروق عەلی عومەر (2001)، ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا، (بەراییەکان 1914ــ 1939)، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

- محەمەد دلێر ئەمین مصری (2004)، ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (1922 ــ 1924)، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی.

- مەحموود زامدار (1987)، دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی گەلی کورد، گۆڤاری: رۆشنبیری نوێ، ژمارە (113).
- مەسعوود محەمەد (2011)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی, چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- نگار داوری اردکانی (1387), سرەگرایی زبانی، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.
- هیمدادی حوسێن (2010)، ڕۆژنامەوانیی کوردی ـ گۆڤاری هیوا (1957ـ 1963)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- هێمن (1984)، تاریک و ڕوون، چاپی دووەم، بنکەی پێشەوا.

پێشکەوتن، 1920، ژ(30).

تێگەیشتنی ڕاستی، 1919 ژ(63).

ژیان، 1932، ژ(326)،

ژیانەوە، 1925، ژ(31)،

ژیانەوە 1925، ژمارە (36)، ساڵی یەکەم،20ی ئابی

ژین، ژمارە (15)، مارسی1919.

زاری کرمانجی، - 1926. ژمارە (4)، 19ی رەبیع الاول1345

زاری کرمانجی، ژمارە (5)، 17ی رەبیعی دووەمی 1345هـ ـــ 1926.

گەلاوێژ، ژمارە (1) ،ساڵی یەکەم، 1939.

گەلاوێژ، ژمارە (3) ،ساڵی یەکەم، 1939.

گەلاوێژ، 1942، ژمارە (7 ـ 8).

گەلاوێژ، 1943، ژمارە (8) .

هیوا، 1958 ژمارە (2).

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Amir Hassan Pour (1992), Nationalism And Language In Kurdistan(1918- 1985), phd., Mellen Reseach University Press, Sanfrancisco.
- David Crystal (1992), The Cambridge Encyclopedia To Language. Cambridge.

George Thomas (1991), Linguistic Purism, London.

- Jamal Jalal Abdulla (1980), Some Aspects Of Language Purism Among Kurdish Speaker, University Of York.
- Trask, R. Larry (2007), Key Concepts In Language And Linguistics. London.
- Van Der Sijs (1999), Nicoline (Ed.). Taaltrots. Amsterdam: Uitgeverij Contact.

**ملخص البحث**

هـذه الرسـالة الموسـومة بــ (التطهيـر فـي اللغـة الكورديـة), دراسـة لمحاولات حركة التطهير في اللغة الكوردية (منذ لبداية ـ 1970), تخصص جنوب كوردستان, بسبب ظهور هذا الاتجاه في هذا الجزء من كوردستان وفاعليته. محاولة للحصول على مدى وضوح اللغة الكوردية وإظهار دور هذا الاتجاه في توسيع المعجم الكوردي وتطويره حسب المراحل التأريخية وفي إطار التغييرات والأحداث في المنطقة. وفي هذا اعتمدت على المنهج الاحصائي بهدف الوصول إلى نتائج علمية ومنطقية حسب (نهج) التحليل الوصفي.

تتكون الرسالة من المقدمة و اثنين فصول والخلاصة وأهم الاستنتاجات التـى توصلت إليها وقائمة بأسماء الكتب والمراجع التي اعتمدت مع الملحقات. خصص الفصل الأول لعرض اللغة وحركة الفصاحة (منظور تأريخي) كفصل نظري في البحث, المحور الثانى محاولة للوصول إلى حقيقة ظهور التطهير بين آراء متنوعة مع تحديد أهم دوافع وأزمنة بدء التطهير اللغة. أما في فصل أوخرى، قسم حركة التطهير حسب اهم الاحداث التأريخية في المنطقة إلى ثلاث مراحل ـ المرحلة الأولى مابين (1918ـــ 1939), والمرحلة الثانية مابين (1939 ـــ 1958). والمرحلة الثالثة, هي مرحلة تثبيت التطهير وتقع مابين (1958ـــ 1970) وفي نهاية كل مرحلة استخدم الاحصاء ونسبة شكل الكلمات المستخدمة في عدد من الجداول والخططات. وفي نهاية الرسالة قدم أهم النتائج التي توصلت إليها تحاليل البحث.

**Abstract**

This research which is titled (Purism in Kurdish Language), sheds light on the attempts on the purification of Kurdish Language from beginning till 1970; this research is specific to the Kurdish Language in the Southern part of Kurdistan (Iraqi Kurdistan).

This research attempts to illustrate the extent of the purification of the Kurdish language and to demonstrate the role of this movement in the development of Kurdish language and culture. In order t o reach an academic conclusion, this research is based on statistics and the use of descriptions of analysis methods.

This research consists of an introduction and two chapters with a conclusion and appendices.

The first chapter is devoted to a historical review of the language and trends of purification. This is part of the theoretical review for the research which contains various sections.

The second chapter involves the way how purism became a phenomena, according to the most important historical events in the area, this trend has been classified in three stages: the first stage, which covers the period between 1918 – 1939, the second stage includes the period between 1939 – 1958 and the third stage between 1958 – 1970 which is the period that purism settled and was established in the Kurdish Language. Each stage is illustrated by statistics, percentages and figures of the quantity of pure Kurdish words and foreign words which have been used in writing and publications.

Conclusions were reached using all the illustrated facts and the research data.